ResearchGate

See discussions, stats, and author profiles for this publication at: https://www.researchgate.net/publication/330752991

# حاجی قادری کۆیی، خانیی دووەم

**Book** · January 2016

CITATIONS
0

READS
228

**2 authors**, including:



Osman Hamad Dashti
Koya University

**34** PUBLICATIONS **0** CITATIONS

SEE PROFILE

All content following this page was uploaded by Osman Hamad Dashti on 31 January 2019.

The user has requested enhancement of the downloaded file.

# حاجی قادری کۆیی

خانیی دووەم

سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە
کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی
یادی دووسەدساڵەی لەدایکبوونی
حاجی قادری کۆیی

**قەدری یەلدرم**

# حاجی قادری کۆیی

## خانیی دووەم

**گۆڕینی لە پیتی لاتینییەوە**
**عوسمان دەشتی**

- حاجی قادری کۆیی – خانیی دووەم.
- نووسینی: د. قەدری یەلدرم.
- گۆڕینی لە پیتی لاتینییەوە: د. عوسمان دەشتی.
- بەرگ و سەرپەرشتی هونەری: عوسمان پیرداود .
- نەخشەسازی: عیسام موحسین.
- تیراژ (٥٠٠) دانە.
- چاپ: چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.
- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی
( )ی ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە.
- بەرگی پێشەوە: وێنەی کۆتەڵی حاجی قادری کۆیی
دەستکردی هونەرمەند: هادی زیائەددینی.
- بەرگی دواوە: وێنەی کۆتەڵی حاجی قادری کۆیی، کە لە ڕەسەنی کتێبەکەدا هاتووە.

**قەدری یەلدرم:** لە لجێی – دیاربەکر هاتوتە دنیاوە و هەر لەوێش خوێندنی دەست پێکردووە. لەنێوان ساڵانی (١٩٩٤-١٩٩٨) لە فاکەڵتی ئیلاهیات – زانکۆی حەڕان لیسانسی باڵا و دکتۆرای وەرگرتووە. لە ساڵی (١٩٩٩) لە فاکەڵتی ئیلاهیاتی زانکۆی دجلە بۆتە پرۆفیسۆری هاوکار، لە (٢٠٠٤) بۆتە پرۆفیسەری یاریدەدەر و لە (٢٠١٠) بۆتە پرۆفیسۆر. جێگری سەرۆکایەتی زانکۆی ئارتوگلو و بەڕێوەبەرێتی بەشی کوردۆلۆجی کردووە، لە هەڵبژاردنی (٢٠١٥)دا لە بازنەی (سێرت) بۆتە پەرلەمانتاری هەدەپە.

**عوسمان دەشتی:** لە ساڵی (١٩٥٢) لە گوندێکی ناوچەی دەشتی هەولێر لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە، لە ساڵی (١٩٧٥)دا بڕاوانامەی دیبلۆمی لە پەیمانگای مامۆستایانی هەولێر وەرگرتووە.

- ١٩٩٢-١٩٩٦ بە کالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی / زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر.
- ١٩٩٢-١٩٩٦ بەکالۆریۆسی یاسا/ کۆلیجی ماف/ زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر.
- ١٩٩٩-٢٠٠٧ بڕوانامەی ماجستیر و دکتۆرای لە پیسپۆری ئەدەبی کوردی لە زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر بەدەستهێناوە.
- ٢٠٠٥-٢٠١٦ مامۆستای وانەبێژە لە بەشی زمانی کوردی/ فاکەڵتی پەروەردە/ زانکۆی کۆیە بە پلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەر.
- خاوەنی کۆمەڵێک توێژینەوەی زانستی و چەندین کتێبە لە بواری پسپۆرییەکەی خۆیدا.

## چەند سەرەقەڵەمێک لە بارەی ئەم کتێبەوە

لە کۆنفراسی یادی دووسەدساڵەی حاجی قادری کۆیی، کە لە ڕۆژانی ٢٢-٢٣ی ئایاری ٢٠١٦دا لە زانکۆی کۆیە بەڕێوەچوو، ئەکادیمیست و نووسەر و کەسایەتی دیاری باکووری کوردستان(پ.د. قەدری یەلدرم)، میوانی تایبەت و قەدرگرانی کۆنفراسەکە بوو، لەپاڵ کۆمەڵێ لە نووسەر و توێژەر و مامۆستایانی زانکۆ لەناوەخۆی کوردستان و دەرەوەدا، لەدەستپێکی کۆڕ و پانێلەکانی کۆنفراسەکەشدا مامۆستا قەدری، وەکو میوانێکی تایبەت، کات و ماوەیەکی بۆ تەرخان کرابوو تا ئەوەی باس و وتارێک سەبارەت بەحاجی قادر پێشکەش بکات.

خۆشبەختانە سەیدا قەدری هەر لەو ماوەیەدا کتێبێکی لەسەر حاجی قادر نووسیبوو، کتێبەکە هەر لەو سەروبەندە، گولانی٢٠١٦، لەدەزگای وەشانی (ئاڤێستا) لە ئەستەمبوڵ چاپ و بڵاوببوویەوە، ئەمە هەم وەکو مزگێنییەکی خۆش و هەمیش وەکو دەسکەگوڵێکی دیاری بۆ کۆنفراسەکە لێی قبوول کرا. ئەنجا هەر دەمودەست بیر لەوە کرایەوە کەوا لەپاش گۆڕین و ئامادەکردنی ، لەگەل لەچاپدانی بابەتگەل و توێژینەوەکانی کۆنفراسەکە چاپ و بڵاوبکرێتەوە.

- کتێبەکە لە دوو بەشی (کوردی – تورکی) پێکهاتبوو، وەکو دیارە بەشە کوردییەکەی بەزاری کرمانجی باکوور( بۆتانی) و بەرێنووسی لاتینی بوو، هەر ئەمەشە ڕاستەقینەی ئەم کارەی ئێمەی پێکهێناوە.

- وەکــو لەناونیشــانەکەیەوە بەدیاردەکــەوێت: (خــانیی دووەم- حـاجی قـادری کـۆیی)، کتێبەکـە لـە هەنـدێ ڕووەوە جۆرێکە لە لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری لە نێوان هـەردوو مـەزن شاعیری کورد ئەحمەدی خانی و حاجی قادر، بەتایبەتیش ئەم لایەنە زیاتر لە چەمک و لە تیشکدانەوەی هزروبیری نەتەوەیی و خواسـتی ولاتپـەروەری لـەناوەڕۆکی شـیعری هـەردوولادا بەدیار دەکەوێت، ئەنجا لەسۆنگەی ئەمەشـەوەیە هـەردووکیان وەکو دوو شـاعیری بەرجەسـتە لـەمێژووی ئـەدەبی کوردیـدا، بەئالا هەڵگری بیری نەتەوەیی و نیشتمانی دەناسرێن.

- سـەیدا قـەدری لـە پێشـەکی کتێبەکەیـدا ئـەوەی ئاشـکرا کردووە کە ئـەوەی مەبەسـتیەتی لـەم کتێبـە زیـاتر ناسـاندن و ئاشناکردنی خوێندەوارانی کوردە لەباکوور لەگەڵ ژیان و بیرو شیعرەکانی حاجی، هەروەها بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنەیە کە لەکتێبخانـەی کوردیـدا لـە بـاکوور هەسـتی پێـدەکرێت، لـەم لایەنەوە دەتوانین بەدڵنیاییـەوە بڵێین کـەوا نووسـەر بەتـەواوی مەبەستەکەی هێناوەتە دی و لێکۆڵینەوەیەکی گشـتگیری لەمـەڕ قۆناغـەکانی ژیـان و بیرو بەرهـەمی حـاجی خسـتۆتە ڕوو لـەو زەمان و زەمینەیەدا، بە پشتبەستن بـەو کتێب و سـەرچاوانەی کە لەماوەی سێ چارەگە سـەدەدا لـەبارەی ژیـان و بەرهـەم و هزر و بیـری حاجییـەوە لەکوردسـتان نووسـراون، بەتایبـەتیش لەلای ئێمە واتە لەکوردستانی باشوور.

ئەم قسەیە ئەوە دەسەلمێنێت کەوا لەلایەکەوە ڕەنگە ئەو زانیاریانەی کتێبەکە دەیدات بەدەستەوە لەلای خوێنەری بـەئاگا و پسپۆڕ شـتێکی زۆر تـازە و نوێ نـەبن، بـەدیوێکی دیکەشـدا

ڕەنگە هەر ئەو باسکار و خوێندەوارە پسپۆڕانەی لای خۆمان، چاوەڕوانی زیاتریان لەو نووسەر و ڕووناکبیرانەی باکوورەوە هەبێت، ئەویش بەسوود وەرگرتن لە ئارشیفی کۆن و بەڵگەنامە و کتێبخانە دێرین و دەوڵەمەندەکانی ئەو وڵاتە ، تاوەکو زۆر لایەنی نەزاندراو و حەشاردراومان بۆ ئاشکرا بکەن، سەبارەت بەژیان و بیر و بەرهەم و چالاکی دەستەی یەکەمی ڕووناکبیر و منەورانی کورد لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە تا کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم، کە بەشێکی ژیانیان لەوێ بەسەر بردووە و هەر لەوێش لە ئاوارەیی سەریان ناوەتەوە، لەنموونەی (نالی) و (حاجی) و دەیانی دیکە.

هەر بۆ پاساوی ئەم بۆچوونەی دوایی، لێرەدا دوو بەڵگە دەخەینەڕوو کە هەر یەکێکیان بڕێک زانیاری دەدات بەدەستەوە، یەکێکیان پەیوەندی بە قۆناغی کۆتایی ژیانی حاجییەوە هەیە لە ئەستەمبوڵ و دووەمیش پەیوەندی بە چارەنووسی نووسخەیەکی دیوان و شیعرەکانییەوە هەیە:

لە ئەرشیفی ئەلیکترۆنی هاوڕێمان کاک عەبدوڵڵا زەنگەنە چەند لاپەڕەیەک لە کتێبی (son Asir Turk Şairlari)- واتە شاعیرانی ئەو سەردەمەی تورک یاخود: شاعیرانی هاوچەرخی تورک) کە لە لاپەڕەیەکیدا واهاتووە: (ئەمجارە شاعیرێکی لەمێژینەو ناوداری کوردستان ، کە حاجی عەبدولقادر ئەفەندی کویسنجەقلییە، لەفەقیرخانەکە دەهاتەلامان و زۆر جاران لێرە دەمایەوە. پیاوێکی ڕەبەن بوو، تەمەنی نزیکی هەشتا ساڵ دەبوو کە لێرە لە فەقیرخانەکەدا وەفاتی کرد، لەگەڵ برادەری شیریم سافی ئوسکوداری ، فێری

ئـەدەبیاتی عـەرەبی و فارسـی دەکـردین و دیـوانێکی شـیعری کوردیشـی هـەبوو، هـەر بـەو هۆیەشـەوە بـەڕێزەکانی وەکـو، قەلەندەر ڕاهول، حـەیرەت، هیجری، هامشـۆی فەقیرخانەکـەیان دەکـرد و بـەڕۆژان و بـە مانگـانی لـێ دەمانـەوە. ئـەنجا لـەو بارەوە حاجی ئیمتیحانیشی دەرکردین.[1]

وەکو بەڕێز کاک عەبدوڵڵا زەنگەنە بۆی گێڕامـەوە، بینـای فەقیرخانەکە و ئەو مزگەوتەی کە حاجی دەرسی بە منداڵەکانی

1- son Asir Turk Şairleri Ibnulemin, Mahmut kemal inal, M.E.B., 1969,Ankare.

(فەقیرخانـە) وەکو لـەم سـەرچاوەیەدا باسـی هـاتووە، ئەوە نییـە کـە ئـەمڕۆ وێنەکـەی بـەبیری ئێمـەدادێت، بـەواتای شـوێنی خـەڵکێکی هـەژار و پەککەوتـەو بێ پشـتوپەنا، بـەڵکو ئەوسـا شـوێنێک بـووە وەکو میوانخانـە یاخود کاروانسـەرا، خەڵکانێک ڕوویان تێکردووە کە بەمیوانی لەشـارەکەدا دەمانەوە، یان پابەندی قۆناغ و ماڵ و خێزان نەبوون. بەتایبـەتیش مـەلا و فـەقێکان. چێشـت و خـواردنی تیـدا ئامـادەکرا بـۆ دانیشـتوانەکەی، دیـارە حـاجیش وەختـانێکی تیـادا بەسـەر بـردووە، بەتایبـەتیش لـە ڕۆژگـاری کۆتـایی تەمـەنی وەکـو لەسـەچاوەکەی سـەرەوەدا ڕووندەبێتیـەوە، ئـەم فەقیرخانەیە لەتەک مزگەوتی (سەلیمیە)بووە، کە حاجی تیایدا ماوەتـەوە و دەرس و دەوری هەم بەنووسـەری کتێبەکە (مـەحمود ئینـال)، کـە خۆشـی هەر لەم شوێنە بووە، لەگەڵ ئەو کەسانەش کە ناویان هـاتووە و پێدەچێ شاعیر و خەڵکی خوێندەواریش بووبن، گوتۆتەوە.

دیارە ئـەم شـوێنە هـەر سـەر بەمزگەوتەکە بـووە ئـەم مەسـەلەیە تـا سـاڵانێکی زوو لـە کوردسـتانیش هـەبووە، لەسلێمانی لەمزگـەوتی گـەورە نان و پێخور دروست دەکرا بۆ ئەو کەسانەی کـە لەمزگەوتەکە دەمانـەوە لەهەولێر لەمزگەوتی شـێخی چۆلی ئـەم داب و دەسـتوورە هـەبووە، تـاکو ئێسـتاش خـەڵک هەیـە بـەماڵ و خێزانـەوە بـەمانگ لەمزگـەوتی حـەزرەتی گەیلانی لەبەغدا دەمێننەوە.

بەدرخانییەکان تێدا گۆتۆتەوە، تەنانەت گۆڕستانی قەرەجا ئەحمەدیش کە بووە بە جێ و مەئوای ئاخیری، حاجی بەر لەمردنی ناوەناوە چۆتە زیارەتی گۆڕستانەکە کە مەرقەد و مەزاری کەسایەتی و شاعیری گەورە (نابی) لێ بووە و لەو گۆڕستانە نێژراوە. ئەمانە هەموو ماون و بە چاکیش تاوەکو ئەمڕۆ پارێزراون ، وەکو شوێنی مێژوویی خەڵک سەردانیان دەکات. کاک عەبدوڵڵا زەنگەنە لەسەفەرێکیدا بۆ ئەستەمبوڵ سەردانی هەموو ئەو شوێنانەی کردبوو وێنەشی لێ گرتوونەتەوە.

بەڵگەی دووەم پەیوەندی بە دانەیەکی دیکەی دەستنووسی دیوانی حاجییەوە هەیە، کە لەبڕگەی (٠١٠٢)ی ئەم کتێبەدا باسی لێوەکراوە، بەم جۆرەیە: نووسەر و توێژەری کوردستانی باکوور (مالمیسانژ)، لەکتێبێکی خۆیدا، بڕگەیەکی لەبیرەوەرییەکانی (مووسا عەنتەر) وەرگرتووە، کەتیایدا هاتووە: (خەلیل خەیالی بەگ، ماوەیەک بەر لەمەرگی خۆی یاداشتی کارەکانی خۆی دا بەمن، هەندێک بەڵگەی گرانبەها لەنێو ئەمانەدا هەبوون کە بەم جۆرەن: دیوانێکی دەستنووسی حاجی قادری کۆیی کە پێشکەشی خەلیل خەیالی بەگی کردبوو، کتێبی ڕێزمانی کوردی زیا گۆک ئالب کە بەدەستی خۆی نووسیبووی و لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە زمانی کوردی، بەڵام بەداخەوە ساڵی (١٩٢٧) لە کاتی دەستگیرکردنمدا ئەمانەیان لەگەڵ کتێبخانەکەمدا هێنایە دادگای ئیدارەی عورفی و بڕیاری دەست بەسەرداگرتنی هەمووشیان

دەرکرد، دوای لێبوردنیشم هەوڵی وەرگرتنەوەی کتێبەکانم دا، بەڵام پێیان ڕاگەیاندم کە هەموویان سووتاندووە)[٢].

مووسا عەنتەر، کە ئێستاش دۆسیەی تیرۆرکردنەکەی لە دادگاکانی تورکیادا بەکراوەیی ماوەتەوە و یەکلایی نەبۆتەوە، کێ دەڵێ کتێبخانە و ئەرشیفەکەشی لە شوێنێکدا بەحەشاردراوی نەماوەتەوە، با نووسەرانی باکوور وەڵامی ئەم پرسیارانەمان بۆ بەلایەکدا بخەن.

ئێمە کە ئەو قسانە دەکەین بەڵگەی دیکەشمان بەدەستەوەیە، ئەوەتا تاوەکو چەند ساڵێک لەمەوبەر، زانیارییەکی ئەو تۆ لە بارەی (نەفعی) یەوە لەبەردەستدا نەبووە، کەوا شاعیرێکی کوردی بابانی و هاوڕێ و هاوسەردەمی (نالی) بووە، لە پەیڕەوانی مەولانا خالید و هەر لەتەک ئەویشدا لە سلێمانییەوە کۆچی کردووە بۆ بەغدا و لەپاشان بۆشام و تا لەوێ سەری ناوەتەوە، تا لەم ساڵانەدا و لە ئەرشیفەکانی ئەستەمبوڵ، دیوانە دەستخەتە ڕەنگین و ڕازاوەکەی دۆزراوەتەوە. تەنانەت کە (نالی) لە ئەستەمبوڵ بووە و ئەم لە شام، بەنامەی شیعری یەکتریان بەسەرکردۆتەوە، ئەم شیعرنامەیەی (نالی) کە بۆ (نەفعی) هاوڕێی هەناردووە، تاوەکو ئەمڕۆ لە چاپی دیوانەکانیدا نییە[٣].

---

٢ - مالمیسانژ، جەمعیەتی تەعاون و تەرەقیی کورد و ڕۆژنامەکەی، لە تورکییەوە وەرگێڕانی: زریان ڕۆژهەلاتی، پێداچوونەوەی: سدیق سالح، بنکەی ژین،٢٠٠٧، ل ٥٠-٥١.

٣ - دیوانا نەفعی، ساخکرن و بەرهەڤکرن: تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، مەسعوود خالد گولی، هەولێر، ٢٠١٠،ل ٣٢. بەداخێکی زۆرەوە ئەم دیوانە زۆر بەشێواوی و ناڕێکی چاپ و بڵاوکرواەتەوە لەگەڵ ئەوەی

ئەوەی پەیوەندی بە ساڵ و مێژوو قۆناغەکانی ژیانی حاجییەوە هەیە، چ لە ناوەوەی کوردستان یان لە دوای سەفەر و سەرهەڵگرتنی بۆ ئەستەمبوڵ و تێکەڵاوی لەگەڵ ناوەندەکانی ئەوێ، بنەماڵەی بەدرخانییەکان و کۆڕ و کۆمەڵی ڕووناکبیرانی کورد، تاوەکو ئەمڕۆ لێکۆڵینەوەی ورد و تێروتەسەل و متمانەبەخشی لە بارەوە نەکراوە، دیارە نەبوونی بەڵگە و دیکۆمێنت و سەرچاوەی باوەڕپێکراو، لە پشت زۆرێک لەو مەسەلانەوەیە.

لەم کتێبەدا جەخت لەسەر ئەو مەسەلەیە کراوەتەوە کە حاجی بەر لەسەفەری ئەستەمبوڵ و گیرسانەوەی لەوێ هیچ جۆرە هەست و هەڵوێستێکی نەتەوەپەروەرانەی لێ بەدی ناکرێت. لەحالێکدا ئەمەش هەر جێگای گەنگەشەیە و لەم ڕووەوە بیر و لێکدانەوەی جیاوازیش هەنە[٤].

گومان لەوەدانییە کە حاجی بەر لەسەفەری ئەستەمبوڵیش لە کوردستان و بەتایبەتیش لە قەڵەمڕەوی بابان، وەکو مەزن شاعیرێکی کورد بەدیارکەوتووە، ئەوەتا شاعیرێکی بەتوانای وەکو (مەلا وەسمان) کە هاوسەردەمی نالی و هاوڕێکانی بووە

---

(تەحسین ئیبراهیم دۆسکی) کەسێکی شارەزایە لە کلاسیکیاتی کرمانجی، بەڵام لەم کارەیدا بەتایبەتیش لەبەشی (هەورامی و سۆرانی) دیوانەکەدا دووچاری گرێ و گۆڵی زۆرهاتووە. ئەگەر هەر سەیری ناونیشانەکە بکەیت وا دەزانی دیوانی شاعیرێکی کرمانجیت لەبەردەستدایە.

٤ - محەمەدی مەلا کەریم، دووبابەت لەبارەی بیر و شیعری حاجی قادری کۆییەوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨،ل ١٥١-١٥٩.

له سلێمانی و مێژووی ئەدەبی کوردی تاوەکو ئەمڕۆ غەدری لێکردووە، بەو هۆیەی ئەویش لە پەیڕەوانی مەولانا و سەر بە ڕێبازی نەقشی بووە و لەگەڵ تەوژمی زاڵ و باوی ئایینی ئەو سەردەمەدا لە سلێمانی نەڕۆیشتووە!، حاجی قادری کۆیی بەمامۆستای خۆی زانیوە و شوێنپێی ئەوی هەڵگرتووە و پێنج خشتەکی لەسەر شیعر و غەزەلی ئەو هۆنیوەتەوە لەپاڵ پێنج خشتەکی لەسەر شیعری نالی[5].

- پرسیارێک بەڕەوا دەزانم لەم نێوانەدا بیوروژێنم ئەویش ئەمەیە، بۆ نابێت حاجی، ئەو مرۆڤە جەربەزە و سەربزێو و شۆڕشگێڕە ، خۆیشی لەژێر کاریگەری ڕێباز و بیروباوەڕە یەکسانیخواز و دادپەروەرییەکانی مەولانادا بووبێت؟ لەلایەک جەنگ و جیداله شیعرییەکانی لەگەڵ هەندێک لە شێخان و پیاوانی ئایینی ئەو سەردەمە، کە لەگەڵ تەوژمی ئایینی زاڵ و باوی ئەو ڕۆژگارە دا بوون ڕوون و ئاشکران.

لەلایێکی دیکەشەوە لە بەرانبەردا، پەسن و پێداهەڵگوتنەکانی بە مەولانا، کە بە ( قوتبی زەمانە) ناوی دەبات ئەم شایەدییەمان بۆ دەدەن:

**قوتبی زەمانە خالید ، ئاوارەبوو وەکو من**
**بێ قەدر و قیمەت وشان ، بێ خان و مان و بێ نان**

زۆر بەڵگە و نیشانە بەدەستەوەیە و دەیسەلمێنن، کەوا هەم مەولانا خۆی و هەم بیروباوەڕ و ڕێبازەکەی و هەم

---

٥ - دیوانی مەلاوەسمان، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە و لەسەر نووسینی دوکتۆر: امین موتابچی، بەغدا،١٩٧٣،ل ٢٥٣.

پەیڕەوانیشـــی لەقەڵـــەمڕەوی بابانـــدا لـــە ژێـــر فشـــار و چەوساندنەوەدا بوون.

دەکـــرێ ئەمـــە وەکـــو هۆکـــارێکی بـــەهێز وەربگـــرین کـــەوایکردووە حـــاجیش ســـەر هـــەڵبگرێت و ڕووبکاتـــە ئاوارەیی.ئەوەتا گوتاری شیعری حاجی لەو بارەوە، ڕووی لە خۆیـەتی و بـەڕوون و ڕاشـکاوی پـەردە لـە ڕووی ئـەم ڕازە ڕادەماڵێ:

**یاهـــەڵێ، یـــا تاقـــەتی بـــاری ڕەقیبانـــت هـــەبێ**
**ڕۆحەکەم، (حاجی)، مەبە ناموستەقیم و دەم دەمـــی**

بۆیـە ناشـێ بـە شـێوەیەکی قـەتعی بگوترێت کـەوا حـاجی قادر لە هەڵوێست و شیعرو بیروبۆچووندا لەکوردستان و بەر لەسەفەری ئەستەمبوڵ، هەر لەچوارچێوەی ناوەڕۆکی کلاسیک و فۆرمی قەسیدە و غەزەلی دلداریدا ماوەتەوە.

- مامۆستا قەدری ڕەنجێکی زۆری لەگەڵ ئەم بەرهەمەدا کێشـــاوە، کتێبەکـــەی بەهـــەردوو زمـــانی کـــوردی و تـــورکی نووسـیوەتەوە، لەبەشـە کوردییەکـەدا دێربـەدێر شـیعرەکانی حاجیشی بەکرمانجی و بەشێوەیەکی چڕ لێکداوەتـەوە، لەبەشـە تورکییەشـدا ناچـاربووە نموونـە شـیعرییەکان بـۆ تـورکیش وەربگێڕێـت و لێکبداتـەوە، دیـارە ئـەو هەوڵانـەی هـەموو لـە پێنـاوی ئـەوەدا بـوون، کـەوا بەشـێک لـە ڕووناکبیرانی کـوردی باکوور لەگەڵ زمانی کوردی، یاخود لانی کەم لەگەڵ ڕێنووس و زاری سۆرانی ئاشنابن.

لـە کتێبەکـەدا هەنـدێ کێشـەی ورد هـەبوون، لەمەسـەلەی هەڵـەی تایـپ و لێکدانـەوەی بڕێـک لـەدێرە شـیعرییەکانەوە،

تێکەڵاوی لەپەراوێز و سەرچاوە و ژمارەی لاپەڕەکان، هەوڵمان داوە لەهەموو دەقەکان (لاتینی، کرمانجی، سۆرانی) چارەسەری بکەین،تەنها لەمەسەلەی ناتەبایی و ناکۆکی لە مێژووی ژیان و مردنی بەدرخان پاشدا پێمان چارەسەر نەکرا، بۆیە وەکو خۆیمان هێشتۆتەوە.

ئێمەش بە ئیلهام وەرگرتن لە فرەزمانی کتێبەکەی مامۆستا قەدری، کتێبەکەمان کردۆتە کتێبێکی فرەزاراوەیی ئەگەر نەشلێین فرەزمانی، بەمە سیفەتێکی هەمە ڕەنگ و فێرکاریشی وەرگرتووە بۆ خوێنەری کورد لە باکوور و باشوور، لەدوای ئەویش لە سۆران و بادیناندا.

لەڕاستیدا ئێمەش پێیەوە ماندوو بووین، بەتایبەت لەمەسەلەی هەڵەگیری و ڕاستکردنەوە نەخاسمە لەبەشە کرمانجییەکەدا. لەتایپ و نووسینەوەی بەشە سۆرانییەکەدا هەردوو خاتوونی بەڕێز (شەیدا باسم و نیگار ئەحمەد) هاریکارمان بوون، لە دەرهێنان و نەخشەسازی بەشەکان و هەموو کتێبەکەدا (کاک عوسمان پیرداود) بەسنگێکی فراوانەوە لەگەلمانا هەڵیکرد، سوپاسگوزاری هەموو لایەکین، هیوادارین خوێنەری کوردیش لێمان ڕازی بێت.

**د. عوسمان دەشتی**
**هەولێر/ئەیلوولی ٢٠١٦**
**Osman.hamad@koyauniversity.org**

**ناوەڕۆك:**


١ کورتەی ژیاننامەی حاجی قادری کۆیی.
١٠١- شوێن و مێژووی لە دایکبوون و دایک و باوکی حاجی.
٢٠١- خوێندنی لەمەدرەسەی ئایینی.
٣٠١- ڕۆیشتنی حاجی بۆ ئەستەمبۆڵ و کۆچی دوایی لەوێ.

٢ چارەنووسی شیعر و دیوانی حاجی.
١٠٢- سووتاندنی دیوانە (٨٠٠)لاپەرەییەکەی حاجی.
٢٠٢- بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا.
٣٠٢- سەرلەنوێ کارکردن لەسەر کۆکردنەوەی شیعرەکانی و تێکۆشەرانی ئەو ڕێبازە.

٣- لەلایەنی شێوەوناوەڕۆکەوە شیعروڕامانەکانی حاجی، لەقالبێکی کلاسیکدا گیانێکی تازە.
١٠٣- لەڕووی ڕوخسارەوە.
١٠١٠٣- زمان و زاراوە و کێش.
٢٠١٠٣- شێوەکانی هۆنراوە و سەروا.
١٠٢٠١٠٣- قەسیدە.
٢٠٢٠١٠٣- غەزەل.
٣٠٢٠١٠٣- مەسنەوی.
٤٠٢٠١٠٣- روباعی (چوارین، دوو بەیتی)
٥٠٢٠١٠٣- موفرەد (تاک).
٦٠٢٠١٠٣- هەندێ قسەی نەستەق لە شێوەی پەندی پێشیناندا.

٢٠٣- له ڕووی ناوەرۆکەوە.
١٠٢٠٣- زمانی کوردی.
٢٠٢٠٣- لـه بـارەی یـەکێتی و ئـازادی و هونـەرەوە، هێنانـەوەی ئەرمەن و هەندێک له گەلانی دیکه بەنموونە.
٣٠٢٠٣- تـرس لـه دامەزراندنی دەوڵـەتێکی ئەرمـەنی لەسـەرخـاکی کوردستان.
٤٠٢٠٣- دوو ئامرازی ڕزگاری: قەلەم و شییر/ چەک.
٥٠٢٠٣- ژن و پەروەردە.
٦٠٢٠٣- شـێخانی سـاخته کـه خـەڵکی فریـودەدەن و لـه پاشکەوتوویيدا دەیانهێڵنەوە، بیروباوەڕی ناڕاست لەبواری تەریقەت و تەسەوفدا.

٤- ئەوهۆکارانـەی کـه لـەبواری نیشـتمانپەروەری و کوردایەتیـدا کاریگەریان بەسەر حاجی قادرەوە هەبووە.
١٠٤- کاریگەری بنەماڵەی بەدرخانییەکان.
٢٠٤- کاریگەری ئەستەنبۆل.
٣٠٤- کاریگەری ئەحمەدی خانی و (مەم و زین)

- سەرچاوەکان.

# سەرەتا

ئـەم کـارەی بەردەسـتی ئێـوە لێکۆڵینەوەیەکـە لـە بـارەی حـاجی قـادری کـۆیی، کەلەلایـەن جـەلادەت عـالی بەدرخانـەوە وەکـو خـانیی دووەم ناسـێندراوە، بـانگی ئەحمـەدی خـانیی کرمانجی لەسەدەی حەڤدەهەم ، لە سەدەی نۆزدەهەمدا دەبێتە بـانگی حـاجی قـادری کـۆیی سـۆرانی و لـە کوردسـتاندا سەرلەنوێ زایەڵەی داوەتـەوە، لـە باکووردا سـەبارەت بـەخانی بەشی خۆی کارو لێکۆڵینـەوە کراوە، بـەڵام بـەگوێرەی زانینی ئێمە لەبارەی حاجییەوە، بەتایبەتیش لەشێوەی کتێبدا تا ئێستا لێکۆڵینەوەیـەکی سـەربەخۆ ئـەنجام نـەدراوە، هەربۆیـە بەمەبەستی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە، هاوشانی ئەوەش ، ئێمە بەکارێکی پێویست و گونجاومان زانی کـەوا ئـەم لێکۆڵینەوەیە بە هەردوو زمانی تورکی و کوردی ئەنجام بدەین.

ئێمە شیعرەکانی حاجیمان کەلە بنەرەتدا سۆرانین، لەبەشە تورکییەکـەدا لەگـەڵ وەرگێـراوی تـورکی هێناوەتـەوە، لەبەشـە کوردییەکەشـدا وەرگێـڕاوە کرمانجییەکـەمان دانـاوە و وەرگێڕانەکانیش ئێمە کردوومانە.

لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا بەدیاردەکـەوێت کـەوا حـاجی قـادر خوێنـدنی مەدرەسـەی ئـایینی لـە شـوێنی لـەدایکبوونی خـۆی، پاشان لە کۆیـە(کۆی سنجەق) و دەوروبـەری درێـژە پێداوە و تاوەکو ئیجازە نامەی وەرگرتووە، هێشتا لەمەدرەسەکان فەقێ بووە کە دەستی بە شیعردانان کردووە.

شیعرەکانی ئەو سەردەمەی لەڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە جیـاوازی لەگـەڵ شـیعری شـاعیرانی پێشـوو و شـاعیرانی

هاوپیشە و هاوسەردەمییەوە نییە، بەڵام دوای ئەوەی لە ساڵی (١٨٦٤/١٢٨١)دا دەچێتە ئەستەمبوڵ و لەوێ بنەماڵەی بەدرخانییەکان دەناسێ، کەوا خۆیان گیانفیدای مافەڕەواکانی کوردکردبوو و دەبێتە مامۆستای منداڵەکانی ئەو بنەماڵەیە و بەو هۆیەوەش دانەیەکی دەستخەتی(مەم و زین)، کەهی باوکی جەلادەت عالی بەدرخان، واتە ئەمین عالی بەدرخان بووە، دەکەوێتە دەست و دەیخوێنێتەوە، لەوکاتەوە تێڕاونینەکانی دەگۆڕێن و ئەم گۆڕانەش لەبیرو ڕامانی تازەی لە شیعرەکانیدا ڕەنگ دەدەنەوە لە چوارچێوەی مافە نەتەوەیی و ڕەواکانی گەلی کورددا، ئەویش وەکو خانی لەسەر پەروەردە بەزمانی زگماک و یەکێتی و بنچینە و ڕێبازەکانی خەبات و تێکۆشان بیروڕاکانی خۆی بۆ خەڵک ڕادەگەیێنێ، ئیدی کۆیی وەکو گیانێکی تازە لە قالبێکی کۆندا هاتۆتە مەیدان، خوێنەران لەم لێکۆڵینەوەیەدا دوو کۆیی جیاواز بەدی دەکەن: یەکێکی کۆن و یەکێکی نوێ.

ئەم باسە لەگەڵ ئەوەی لە وێنەی دلۆپێکە لە ئاستی دەریادا، بۆ ئەوەی کوردانی باکوور ئەم خانیی دووەمە بناسن ئامادەکرواه.

**پ.د. قەدری یەلدرم**

**گولانی ٢٠١٦**

## ١- كورتەی ژياننامەی حاجی قادری كۆيی:

حاجی قادر لە گوندی (گۆر قەرەج)ی سەر بەشاری كۆيە[٦] هاتۆتە دنيا. لە بارەی مێژووی لە دايكبوونی بيروڕای جياواز هەيە، بەڵام مێژووی ساڵی (١٢٣١/١٨١٥-١٨١٦)لە هەموويان لەپێشترە[٧]. وەكو لە دێرە شيعرێكی خۆيدا دياری كردووە، باوكی ناوی (ئەحمەد)و دايكی ناوی (فاتيمە) [٨]يە :

---

[٦] - شەمسەدين سامی كە لەساڵی (١٩٠٤)دا مردووە، لەبەرهەمە ناودارەكەيدا (قاموس الاعلام)،لە مادەی (كويسنجاق)دا لەبارەی ئەم شارەوە لەو سەردەمەدا ئەم زانيارييانەی داوە: ئەم شارە لە سەنجەقی شارەزوورەوە، (٧٠)كم لە باشووری كەركوك و ئەوبەری زێی خواروو هەڵكەوتووە. دانيشتوانەكەی(١٠٠٠٠) كەسە، لەم شارەدا ئەم شوێنەوارانەی لێيە:

١ قەڵات
١ جامع
١٠ مزگەوت
٣ مەدرەسە
٦ خوێندنگەی منداڵان(حوجرە)
٣ تەكيە
٣٤ دوكان
٣ حەمام
١ نانەواخانە
٨ ئاش

دانيشتوانی كۆيە بەگشتی موسولمان و كوردن ، لەگەڵ ناحيەی شەقڵاوەدا (٢٠٥)گونديان هەيە، نفوسی گشتيان(١٨٠٠٠)ە، (٥٠٠)يان كلدانی نەستوورينە، (٦٠)يان جولەكەيە، ئەوانی تر هەموو كورد و موسولمانن.

[٧] - فندی ، الفكر، ٦٣.

[٨] – ميران و شارەزا، ديوان:٩.

**باوکم ئەحمەد بوو، ناوی بیرم دێ**
**خەڵقی لادێ بوو، دایکی من فاتــێ**

وەکو زاندراوە ناوی (فاتیمە) لە زمانی کوردیدا وەکو (فاتێ) بچووک دەکرێتەوە. لەناو کوردەواریدا جەژنی قوربان بەناوی جەژنی حاجیان ناودێر دەکرێت.کەوایە نەک لەبەر ئەوەی حاجی زیارەتی حەجی کردووە، بەڵکو لەبەر ئەوەی لە ڕۆژی جەژنی حاجیان هاتۆتە دنیا، خێزانەکەی ناوی حاجیان بەسەردا بڕیوە، وەکو چۆن لەم دێڕەی خوارەوەی پارچە شیعرێکی حاجیدا تێدەگەین کەوا ئەو نەچۆتە حەج[٩]:

**مەنزلی مەئمەن نەماوە ئێستەکە ئەییامەکە**
**ڕاحەتی مومکین نییە نەچیە مەدینە یامەکە**[١٠]

لەحەوتساڵیدا باوکی کۆچی دوایی دەکات، بەو هۆیەوە لەگەڵ دایکی ڕوو دەکەنە کویسنجاق و لەوێ دەگیرسێنەوە.

**٢٠١- خوێندنی لە مەدرەسەی ئایینی/**

دوای ئەوەی حاجی لەگەڵ دایکیدا لە کۆیە نیشتەجێ دەبن، دایکی لە مەدرەسەی ئایینی سەرەتایی دایدەنێ کەوا (کوتتاب)یشی پێدەگوترێت، لەدوای ئەوەی قورئانی پیرۆز دەخوێنێت، بەمەبەستی درێژەدان بەخوێندنەکەی دەچێتە مزگەوتی موفتی، مزگەوتی حاجی بەکراغا و مزگەوتی حاجی مەلا ئەسعەد، بەو هۆیەی باری ئابووری خێزانەکەی باش نەبووە، ئاغا و بەگەکانی کۆیە دەستگیری دەکەن[١١].

---

[٩] - میران و شارەزا، دیوان:٢٤٦-٢٧١.
[١٠] -سەجادی، مێژوو:٣٣٥.
[١١] - میران و شارەزا، دیوان:٢٠ ؛ سەجادی، مێژوو:٣٣٧.

لەو ماوەیەدا دایکیشی کۆچ دەکات، لە خزمە نزیکەکانی مەلا عومەری ئۆمەرگۆمبەتی دەیگرێتە خۆی. حاجی قادر لەگەل مەلا عەبدوڵلای جەلیزادەی هاورێی بۆ تەواو کردنی خوێندن ڕوو دەکەنە ناوچەی (بالەک) و چەند ساڵ لەلای مەلا محەمەدی بالەکی دەخوێنن، ئەم مامۆستایەی ئەوان لەو سەردەمەدا زانای ناوداری هەرێمی سۆران بووە[١٢]. لە پارچە شیعرێکی حاجیدا کە لەرێی نامەیەکەوە لە ئەستەمبوڵەوە بۆ مەلا عەبدوڵلای هاورێی لە کۆیە ناردووە، تێدەگەین کەوا ژیانی جحێلی زۆر بەهەژاری تێپەڕاندووە، لەدێڕێکی ئەو پارچە شیعرەدا دەڵێ:

**بەفکرت دێ زەمانێ چووینە بالەک**

**بەپێ خواسی نەکەوشم بوو نە کالەک**

لەدوای ئەوەی حاجی قادر و مەلا عەبدوڵلا ماوەی (٥)ساڵ لە باڵەکایەتی دەمێننەوە، مەلا عەبدوڵلا دەگەڕێتەوە کۆیێ، بەڵام حاجی وەک ئەوەی لەدێڕە شیعرێکدا هاتووە، لەوێنەی عیسای پێغەمبەر نەژنی هەیە و نە منالّ، نە ماڵی هەیە و نەسامان، دایک و باوکیشی نەماون، کەواتە شتێک کە ئەو بەرە و کۆیێ کێش بکات لە ئارادا نەماوە:

**هەرمنم ئێستا وارسی عیسا**

**بێ ژن و ماڵ و بێ کوڕ و مەئوا**

لەبەر ئەوە حاجی ناگەڕێتەوە کۆیی و بەمەبەستی بەرە و پێشبردنی خوێندنەکەی ڕوو دەکاتە کوردستانی ئێران و لەوێ لە مەدرەسەکانی مەهاباد ، سنە و سەردەشت دەخوێنێ.

---

[١٢] - لیژنە، زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی نۆیەمی بنەرەتی:١٩٤-١٩٥.

ئیجازەنامە وەردەگرێ لە دوای ئەوە دەگەڕێتەوە کۆیێ[١٣].

هــەروەها ئــەو لــە کوردســتانی عیــراق لــە هــەولێر و سلێمانیشی خوێندووە[١٤].

### ٣٠١- ڕۆیشتنی بۆ ئەستەمبۆڵ و کۆچکردنی لەوێ/

حاجی قادر لەدوای ئەوەی لە کوردستانی ئێران خوێندنی ئایینی لە ئاستێکی بەرز بە کۆتا دێنێ و دەگەڕێتەوە بۆ کۆیێ، لـەوێ لـەڕووی شـێخ نەبیدا، کـە بەهـەزاران موریـدی هـەبووە، دەوەستێ و بە بـەکارهێنانی ئـایین بۆ بەرژەوەندی تایبـەتی و فریـودانی خـەڵکی کـورد تاوانبـاری دەکـا و لـە شـیعرەکانیدا لـە دژی دەوەسـتێتەوە، بـەو هۆیـەوە شـێخ موریـدەکانی خـۆی لـێ هاندەدا تا ڕووبەڕووی ببنـەوە، لەڕۆژانـەدا حـاجی بەمەبەسـتی بەشــداریکردن لەڕێورەســمی بەخشــینی ئیجــازە نامەیــەک بەســەفەر دەچێتــە گونــدی هەرتــەل، لــەڕێگای گەڕانــەوەدا موریـدەکانی شـێخ پـەلاماری بـۆ دەبـەن و دەیانـەوێ بیکـوژن، بـەڵام مـەلا و فـەقێکانی هـاوڕێی کـە لەگەڵیـدا بـوون حـاجی لەچنگی موریدەکان ڕزگار دەکەن.

لەدوای ئەم پەلاماردانەوە حاجی تێدەگات کە ناتوانێت لـە کـۆیێ بمێنێتـەوە، بۆیـە لەسـاڵی (١٢٨١/١٨٦٤)دا دەڕوات بـۆ ئەستەمبۆڵ و ماوەی(٣٣) سـاڵان لـەوێ دەمێنێتـەوە، تـا ئـەوەی لـە سـاڵی (١٢٣٢/١٨٩٧)دا و لـە تەمـەنی (٨٠) سـالیدا کـۆچی دوایی دەکات[١٥].

---

[١٣] - سەلەفی و دۆسکی، معجم الشعراء الکرد:٢٩٤.
[١٤] - سەلەفی و دۆسکی، معجم الشعراء الکرد:٢٩٤.
[١٥] - فؤاد،کوردستان:١١ ؛ فندی، الفکر:٧١-٧٢.

تـەرمی حـاجی لـە ئەسـتەمـۆڵ و لەبـەری ئوسـکودار، لـە گۆڕسـتانی قـەرەجـە ئەحمـەد بـەخاک دەسـپێردرێت، جـەلادەت عالی بەدرخان لەو بارەیەوە لـە ژمـارە(٣٣)ی گۆڤاری هـاواردا دەڵێـت[16]. (حـاجی لـە سـاڵی ١٩١٢ی کۆچیـدا لـە ئەسـتەمبۆڵ بەڕەحمەت چووە، بە عـەقلی مـن لـە ئەسکۆدار و لەگۆڕسـتانی ڕەقەجـە- ئەحمـەد شـاردراوەتەوە،ئەمن دەتـوانم بڵـێم حـاجیم بینوە، بەلام ناتوانم بڵێم دەیناسمەوە، چونکی ئەو سـاڵەی کـەوا حـاجی تێیـدا بـە ڕەحمـەت چـووە ئـەمن هێشـتا نەکەوتبوومـە سەرپێیان.)

**تێبینـی**: لـەو نووسـینەی جـەلادەت بەدرخانـدا دوو کێشـە هەیە، ڕەنگە لەهەڵەی چاپەوە ڕوویان دابێت، یەکـەمیان (سـاڵی ١٩١٢ی کۆچییـــە)، ئـــەوی دیکەیان(گۆڕســـتانی ڕەقەجـــە- ئەحمەد)ە، مرۆڤ دەتوانێت ناوی گۆڕستانەکە وەکو (قەرەجـە- ئەحمەد) و ساڵی (١٩١٢)کەش وەکو (١٢٣٢) ڕاست بکاتەوە.

به گوێرەی مەسعود محەمەد، حاجی قادر لـە ئەسـتەمبۆڵ تێکـەڵی بنەماڵـەی بەدرخانییـەکان بـووە و بۆتـە مامۆسـتای منداڵـەکانی ئـەو بنەماڵەیـە[17]. فازیل کـەریم ئەحمـەد (مامۆسـتا جەعفەر) لەبەرهەمە کوردییەکەی خۆیدا لە ژێر ناوی (مێژووی بیـــری کـــوردی) دا لـــە عەبـــدوڵلا مـــەردۆخ دەگێڕێتـــەوە، لەدیدارێکیدا کە لەگـەڵ کامـەران بەدرخانـدا کردوویـەتی ، لـەو دیدارەدا کامەران پێی گوتـووە کـەوا حـاجی لەمنداڵیدا دەرسـی بەمن گووتوە، بەلام نووسەر (مامۆستا جەعفەر) بـە گومانـەوە

[16] - بەدخان،هاوار، ساڵی١٩٤١، ژمارە٣٣: ٨١٧.
[17] - محەمەد، حاجی قادری کۆیی، ا: ٨٣.

نزیکی ئەو مەسەلەیە دەبێت، بۆیە دەڵێ ئەو کاتەی حاجی قادر کۆچی دوایی کردووە، کامەران دووساڵان بووە[18].

**چارەنووسی دیوان و شیعرەکانی/**

**١٠٢- سووتاندنی دیوانە (٨٠٠) لاپەڕەییەکەی:**

حاجی قادر دەیخواست کە دیوانەکەی خۆی لە ئەستەمبوڵ چاپ بکات،بەڵام بەهۆی باری ئابوورییەوە نەیتوانی خواستەکەی بهێنێتە دی. بۆیە بۆ ئەو مەبەستە دیوانەکەی ڕادەستی میر عەبدولڕەزاق بەدرخان دەکات، بەڵام دوا بەدوای لە سێدارەدانی ئەو میرە، پیاوانی حکومەتی ئیتیحاد و تەرەققی دەست بەسەر هەموو شتەکانی دادەگرن کە دیوانەکەی حاجیش لەناو ئەو شتومەکانەدا بووە[19].

یەکەمین کەس کە بەشێک لە شیعرەکانی حاجی قادری لەوێنەی دیوانچەیەک لە چاپ داوە، (عەبدولرەحمان سەعید)ە. نووسەر لە دەستپێکی ئەو دیوانچەیەدا کە لەساڵی (١٩٢٥)، واتا (٢٨) ساڵ دوای کۆچی دوایی حاجی و لەژێر ناونیشانی (کۆمەڵە شیعری حاجی قادری کۆیی)دا لە چاپ دراوە، بەکورتی دەڵێ: شیعرەکانی حاجی زۆرن، بەڵام بەداخەوە بەهۆی گرفتی ئابوورییەوە چاپ نەکراون و گەلێک لەوانە گوم بوون، حاجی بەشێک لە شیعرەکانی لە ژێر ناونیشانی (غیرەتی میللی) دا کۆکردۆتەوە و بە مەبەستی لە چاپدانی

---

[18] - جەعفەر، مامۆستا( فازیل کەریم ئەحمەد)، تاریخ الفکر الکردی:٤٥٢-٤٥٥.

[19] - سەلەفی و دۆسکی،معجم الشعراء الکرد:٢٩٥.

داویــە بەیــەکێک لــە بنەماڵــەی بــەدرخان کــە عەبــدولڕەزاق بەدرخانـە، بـەڵام عەبدولڕەزاق بـەدرخان لـە ئـەنجامی چالاکی بـەردەوام لـە پێنـاوی دامەزراندنی کوردسـتانێکی سـەربەخۆ و لەو چوارچێوەیەدا تۆمـەتی خیانـەتی نیشتمانی دەدرێتـە پاڵ و لەلایەن حکوومەتی ئیتیحاد و تەرەققیەوە لە موسل لـە سێدارە دەدرێت، ئەو شیعرە دەستە بژێرانەی حاجیش کە لەلای بوون، لەلایــەن تورکەکانــەوە هــەموو دەســووتێندرێن و کــورد لــەم گەنجینەی زانست و ڕۆشنبیرییە بێبەش دەبێت.[20]

جەلادەت بەدرخان لە ژمارە(٣٣)ی گۆڤاری (هـاوار) دا لـە ژێر ناونیشـانی (شـاعیرانی کلاسیکمان)، سـەبارەت بـە حـاجی قـادر و دیوانەکـەی دەنووسـێ: حـاجی قـادر خـانیی دووەمـە، ئـەویش لەوێنـەی خـانی بـەدەردی نەتەوەکەیـەوە دەسـووتا، شیعرو هۆنراوەکانی بەگشتی لە بارەی گەل و وڵاتن، هەندێ لەشیعرەکانی لـە سـاڵی (١٩٢٥)دا لـە بەغدا لـە ژێر ناونیشـانی (کۆمەڵـە شـیعری حـاجی قـادری کـۆیی) لـە چـاپ دراون، لـەو نامیلکەیەدا ژیان و بەسەرهاتی حاجیش  باسکراوە، بـەگوێرەی نامیلکەکە حاجی قادری کۆیی کوڕی مـەلا ئەحمـەدە، لەگوندی گۆڕقەرەج لەدایکبووە و لەهۆزی زەنگەنەیە، بـەو هۆیـەی کـەوا لە منداڵییەوە چۆتە کۆیێ نازناوی (کۆیی) هـەڵگرتووە ، حـاجی لەوێنەی نالی وشێخ ڕەزا چۆتە ئەستەمبۆڵ و تێکەڵاوی کۆڕ و کۆمەڵی ئەدەبی و شاعیرانی ئەستەمبۆڵ بووە، لە شـاعیرەکانی ئەو سـەردەمەدا زۆریان زمـانی فارسـیان لەبەردەسـتی حاجیدا خوێندووە، حاجی دیوانێکی مەزنی هەیـە یـاخود هـەیبووە، ئـەو

[20] -سەعید، کۆمەڵە شیعری حاجی قادری کۆیی:٤-٦.

دوو نوسخەی لە دیوانەکەی نووسیبوەوە، ئەگەر دانەیەکی لەلایەن تورکەکانەوە سووتێندرابێ، دەشێ دانەکەی تریان ڕۆژێک بێ و بکەوێتە دەستی ئێمە)[21].

**٢٠٢- بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا/**

ئەودەمەی کەوا حاجی لەئەستەمبوڵ دەژیا، چ ڕۆژنامە و گۆڤارێکی کوردی نەبوو تاکو شیعر و هەڵبەستەکانی تیایدا بڵاوبکاتەوە، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بەناوی(کوردستان) لە ساڵی (١٨٩٨)دا دەرکەوت. لە ژمارە (٣)ی ئەو ڕۆژنامەیەدا هەم هەواڵی کۆچی دوایی حاجی قادر و هەم شیعرێکی کە لەفۆرمی قەسیدەدایە بڵاوکراوەتەوە. لەو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییانەی کەلەنێوان ساڵانی (١٨٩٨ تا ١٩٢٥) بەدیارکەوتوون، بەهەمووی (١٩) شیعری حاجی بڵاوکراونەتەوە، ئەو ڕۆژنامە و (ڕ) گۆڤارانەی (گ) کە ئەم شیعرانەی تیایدا بڵاوبوونەتەوە لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە[22]:

[21] -بەدرخان، هاوار، ساڵ١٩٤١،ژمارە٣٣: ٨١٧.

[22] -بالەکی، (باندۆرا هەڵبەستێن حاجی قادرێ کۆیی یێن کو ناڤبەرا (١٨٩٨-١٩٢٥) دە هاتنە وەشاندن ل سەر نووبوونا هەلبەستا کوردی)، وەرگێڕ: مەهدی جافەر زادە، زارما، ساڵ٢٠١٦، ژمارە ٦: ٩-١٠.

| نیوەدێڕی سەرەتای شیعرەکە | ڕۆژنامە/گۆڤار | ساڵ | ژمارە |
| --- | --- | --- | --- |
| زەمانە ڕەسمی جارانی نەماوە | کوردستان(ڕ) | ١٨٩٨ | ٣ |
| زەمانە ڕەسمی جارانی نەماوە | ڕۆژی کورد(گ) | ١٩١٣ | ٢ |
| زەمانە ڕەسمی جارانی نەماوە | تێگەیشتنی ڕاستی (ڕ) | ١٩١٨ | ٢٤ |
| تا ڕێک نەکەون قەبیلی ئەکراد | ژیانەوە (ڕ) | ١٩٢٥ | ٤١ |
| سلام الله منی کل یوم | ڕۆژی کورد(گ) | ١٩١٣ | ٢ |
| سلام الله منی کل یوم | تێگەیشتنی ڕاستی(ڕ) | ١٩١٨ | ٣٢/٢٥ |
| ئەگەر کوردێک قسەی بابی نەزانی | ڕۆژی کورد(گ) | ١٩١٣ | ٢ |
| ئەگەر کوردێک قسەی بابی نەزانی | تێگەیشتی ڕاستی(ڕ) | ١٩١٨ | ٢٣ |
| هەرکوردە لەبەینی کوللی میللەت | ڕۆژی کورد(گ) | ١٩١٣ | ٢ |
| هەرکوردە لەبەینی کوللی میللەت | تێگەیشتنی ڕاستی(ڕ) | ١٩١٨ | ٣٣ |
| کوردەکی کۆیی کەوتەوە یادم | ڕۆژی کورد(گ) | ١٩١٣ | ٤ |
| وا دیارە ڕەسم و قانوونێکی دەوران دادەنێ | هەتاوی کورد(گ) | ١٩١٣ | ١ |
| شەهسواری بەلاغەتی کوردان | هەتاوی کورد(گ) | ١٩١٣ | ١ |
| شەهسواری بەلاغەتی کوردان | دیاری کوردستان(گ) | ١٩٢٥ | ٣،٧،٩ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| خوسرەو و کەیقوباد و ئەسکەندەر | هەتاوی کورد(گ) | ١٩١٣ | ٢ |
| خوسرەو و کەیقوباد و ئەسکەندەر | دیاری کوردستان(گ) | ١٩٢٥ | ١٣،١٤ |
| شێخ بزەینی قسەی وەکو جافە | هەتاوی کورد(گ) | ١٩١٣ | ٢ |
| خۆ دەزانن سولالەیی ئەکراد | هەتاوی کورد(گ) | ١٩١٣ | ٢ |
| یا ئیلاهی بەئایەتی مونزەل | هەتاوی کورد(گ) | ١٩١٣ | ٢ |
| ئودەبا چاکە لێم نەبن دەرهەم | هەتاوی کورد(گ) | ١٩١٣ | ٢ |
| ئودەبا چاکە لێم نەبن دەرهەم | رۆژی کورد(گ) | ١٩١٣ | ٢ |
| ئودەبا چاکە لێم نەبن دەرهەم | تێگەیشتنی راستی(گ) | ١٩١٨ | ٢٤ |
| لە ڕۆما کەوتە بەرچاوم | ژین(گ) | ١٩١٨ | ٢ |
| ئەو ڕۆژە بە ئەمری حەیی مەننان | ژین(گ) | ١٩١٨ | ٥ |
| قسەیەکم هەیە دەیکەم مەڵێ.... | ژیانەوە(ر) | ١٩٢٥ | ١٩ |
| وتم بەبەختی خەواڵو و بەسە ئەتوبێ خودا | دیاری کوردستان(گ) | ١٩٢٥ | ١،٢ |
| لە گاوان و شوانی کوردەکان یەک | دیاری کوردستان(گ) | ١٩٢٥ | ١١،١٢ |
| ئەی بێ نەزیر و هەمتا هەر تۆی کە بێ قەراری | دیاری کوردستان(گ) | ١٩٢٥ | ١١،١٢ |

شیعرێکی حاجی قادر کەوا لەفۆرمی قەسیدەدایە لە (٧) دێڕ پێک دێت، لە ژمارە (٣)ی ڕۆژنامەی کوردستانی ساڵی (١٨٩٨)دا لەگەڵ هەواڵی کۆچی دوایی حاجیدا بڵاوبۆتەوە، ڕەسەنی هەواڵەکە بەم جۆرەیە:

مەلایەک لە دەڤەری سۆران هەبوو.. ساڵی پێشوو وەفاتی کرد – ڕەحمەتی خودای لێ بێت و خوا لە گوناهەکانی خۆشبێت، ناوی عەبدولقادر بوو، ئەو مرۆڤە لە ژیانی خۆیدا زۆر خەباتی کردووە، سەبارەت فێرکردنی زانست و زانیاری و گەلێک شیعر و ئەبیاتی کوردی دەنووسین و بۆ وڵاتی خۆی، سۆران ڕەوانەی دەرکردن. زمانەکەی زمانی سۆرانیانە، بەڵام کورد هەموو ئەو شێوە زمانە نازانن. لە پشتی کتیبی مەم و زیندا بە دەستوخەتی خۆی چەند بەیتێکی نووسیوە، بۆ تەبەڕوک من ئەو بەیتانە لەم ڕۆژنامەیەدا دەخەمە ڕوو، ئەگەر بەوردی بخوێندرێتەوە بە ئاسانی لە ماناکانی دەگەین.[٢٣]

ئەم پارچە شیعرە هەمان شیعرە کەوا جەلادەت بەدرخان لە دوای سالانێک، واتە لە ساڵی (١٩٤١) دا لە ژمارە (٣٣)ی گۆڤاری (هاوار)دا بڵاوی کردۆتەوە و ڕوونکردنەوەی لەبارەوە داوە، لەڕوونکردنەوەکانی بەدیار دەکەوێت کە ئەو نوسخەیەی (مەم و زین)کە حاجی قادر هەڵبەستەکەی لەسەر پشتی نووسیوە، هی باوکی جەلادەت بووە، بەڵام جەلادەت لە بارەی ئەو شیعرەوە نووسیویەتی: ( ئەو ڕۆکە من شیعرێکی بڵاونەکراوەی حاجی بڵاو دەکەمەوە، کەوا لە سەر دەستنووسەکەی مەم زینی باوکم، حاجی ئەم شیعرەی نووسیوە).

**زەمانە ڕەسمی جارانی نەماوە**
**چراغی نازم و مونشی کوژاوە**

[٢٣] – فؤاد، کوردستان، ساڵ ١٨٩٨، ژمارە ٣.

**لــــه دەوری ئێمــــه ڕۆمــــان و جەریــــدە**
**ئەگــــەرچی مەقســــەدە زانینــــی بــــاوە**

**ئــــەمان قــــەدری بــــزانن ئــــەم کتێبــــە**
**لــــە دنیــــا ئێســــتەکێ هــــەمتای نــــەماوە**

**لەئــــەییامی حــــەیاتی شــــێخی خــــانی**
**لەسەر نوسخەی خــەتی ئــەو نووسراوە**

**لەلای ئەڕبابی خۆی بـۆ قـەدر و قیمـەت**
**خەزێنــــەی گەوهــــەرە و کیســــەی دراوە**

**لەمــــەجمووعی دوەل ســــۆران و بۆتــــان**
**لەســــایەی ئــــەم کتێبــــە ناســــراوە**

**لە کوردان غەیری حاجی و شێخی خانی**
**ئەســاســی نەزمی کــوردی دانەنــاوە**

لە ساڵی (١٩١٣) لە ژمارە (٢)ی گۆڤاری (ڕۆژی کورد)، لەساڵی (١٩١٨) لــە ژمــارە (٢٤)ی ڕۆژنامــەی (تێگەیشــتنی ڕاســتی) و لــە ســاڵی (١٩٢٥) لــە ژمــارە (٤١)ی ڕۆژنامــەی (ژیانــەوە) دا شــیعرێکی حــاجی قــادر بڵاوبۆتــەوە شــیعرەکە لەسەر شێوەی مەسنەوی هۆنراوەتەوە و ئەمە دەقەکەیەتی:

**تــــا ڕێــک نەکــەون قــەبیلی ئــەکراد**
**هــــەروا دەبنــــە خەرابــــە ئابــــاد**

ئـەنواعی میلـەل لـە گـەروە تـاچووک
خـــەملیوە مــــەمالیکی وەک بـــووک

یەک بەرگن و یەک زوبان و یەک ڕەنگ
بێ غەیبەت و عەیب و عـار و بـێ دەنگ

دنیـــا بـــەتڕان دەخـــۆن و دەیـــدەن
هــــەرچۆنی مەرامییانــــە دەیکـــەن

هــەر کــوردن ئەگــەرچی پـاکی مــەردن
پامـــاڵی زەمانـــە میســـلی گـــەردن

هەرمانـــەوە بـــێ نـــەواو و مـــەزلووم
وەک بـــوومی خەرابـــەزار مەشـــئووم

گــەر باعیســی ئــەم دەپرســی کامــە
شــەرتێکە کــە بــۆ هــەموو تەمامــە

ئــەو شــەرتە بــە کــوللی ئیتیفاقــە
گــەر مەرعــەش و وانــە گــەر عیراقــە

ســەد شــێخ و مــەلا ئــەمیر و خــانی
بــۆ عیزەتــی عەیشــی زینــدەگانی

لـــەولاوە ئـــەوان بـــەحیلـــە ســازی
لـــەم لاوە ئـــەمان بـــە تەقلـــە بــازی

قورِیـــــان بەهـــــەموو وڵاتـــــەوە دا
تـــا مولـــک و ڕەعییـــە پـــاکی فـــەوتا

یـــەکیان ئـــەمی تـــۆ دەکـــەی نـــەیانکرد
غەمیان نەبوو کورد ئەگەر هەمـــوو مـرد

لەهەمان ژمارە و ساڵی گۆڤاری ڕۆژی کورد و لە ژمارە (٣)ی ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستیدا، شیعرێکی حاجی کەوا لە (٦) دێڕ پێکهاتووە بڵاوکراوەتەوە، ئەم شیعرە کە لە شێوەی قەسیدەدا هۆندراوەتەوە بەم جۆرەیە:

ئەگـــەر کوردێـک قسـەی بـابی نـەزانی
موعەیـــەن داکـــی حیـــزە بـــابی زانـــی

ســـەلاحەددین و نـــورەددینی کـــوردی
عـــەزیزانی جزیـــر و مـــووش و وانـــی

موهەلهەل، ئەردەشێر و دەیسەمی شێر
قوبـــاد و بـــاز و مییـــری ئـــەردەلانی

ئەمانـــە پاکیـــان کـــوردن نیهایـــەت
لەبـەر بـێ دەفتـەری و نووسینە فـانی

کتێـــب و دەفتـــەر و تـــاریخ و کاغـــەز
بـــەکوردی گـــەر بنووســـرایە زوبـــانی

مـــەلاو و شـــێخ و میـــر و پادشـــامان
هەتا مەحشەر دەما ناو و ناونیشـــانـی

**٣٠٢- سەرلەنوێ هەوڵ و خەبات لە پێناوی کۆکردنەوەی شیعر و دیوانی حاجی و ئەو کەسانەی لە پێناوەدا کاریان کردووە/**

**عەبدوڕەحمان سەعید**: لە دوای ئەوەی دیوانەکەی حاجی قادر دەسووتێندرێ و لەبەین دەچێ، نیشتمانپەروەری کورد عەبدوڕەحمان سەعید دەست دەکات بەکۆکردنەوەی ئەو شیعر و هەڵبەستانەی کە لەبەردەستدا ماون، ئەنجا ئەوانەی کەبەدەستیان دەخات لە ساڵی (١٩٢٥)دا لەبەغدا و لە چاپخانەی داروسسەلامدا لە چاپیان دەدات.[٢٤]

وەکو لە پێشەوەدا باسمانکرد عەبدوڕەحمان سەعید یەکەمین کەسە کەوا سەرلەنوێ شیعرەکانی حاجی کۆکردۆتەوە و لە شێوەی دیوانچەیەک بڵاوی کردۆتەوە ئەم نووسەرە لەو کاتەدا لە بەغدا خوێندکاری کۆلیجی قانوون بووە، ئەم دیوانچەیەی حاجی لە ژێر ناونیشانی (کۆمەڵە شیعری حاجی قادری کۆیی)دا بڵاوکردۆتەوە. ئەم کارە بەو هۆیەی لە کاتێکی نزیک و لەدەوری (٢٨) ساڵێک لەدوای کۆچی حاجی قادر ئەنجام دراوە گرنگییەکی تایبەتی هەیە.

**مەسعوود محەمەد**: سەبارەت بە مەسەلەکەی ئێمەوە، یەک لەتایبەتمەندییەکانی مەسعوود محەمەد ئەوەیە کەوا ئەو لەبنەماڵەی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادەیە، مەلا عەبدوڵڵا خۆی هاوڕێی ڕۆژانی فەقێیەتی و مەدرەسەی حاجی قادر بووە. لەو سۆنگەیەوە ئەو حاجی قادر لە نزیکەوە دەناسێ، ئەم نووسەرە لە ژێر ناونیشانی (حاجی قادری کۆیی) کارێکی

[٢٤] -سەلەفی و دۆسکی، معجم الشعراء الکرد:٢٩٥.

فراوانی  ئەنجام داوە کە لە سێ بەرگ پێک دێت، بەرگی یەکەم دووەم لە بەغدا لە ساڵی (١٩٧٣)دا و بەرگی سێهەمیش هەر لەبەغدا و لە ساڵی (١٩٧٦)دا بڵاوکراوەتەوە.

کورتەی قسەی نووسەر ئەوەیە: کەوا دیوانی حاجی قادری کۆیی بەناتەواوی گەیشتۆتە دەستی ئێمە. حاجی تاوەکو لە کۆیەبووە، واتە بەرلەوەی بچێتە ئەستەمبۆڵ شیعری لەمەڕ نیشتمانپەروەری و کوردایەتییەوە نەنووسیوە. چەند لاوێکی کۆیی لە منیان خواستووە کەوا وتارێک بنووسم و تیایدا بڵێم کە حاجی قادر بەر لەوەی ڕوو بکاتە ئەستەمبۆڵیش شیعری نیشتمانپەروەری نووسیوە، بەڵام من ئەم داخوازیەم قەبوول نەکردووە.[٢٥]

**کەریم شارەزا:** لە پێشەوەی ئەو نووسەرانەی کەوا لە ساڵی(١٩٧٠)وە تاوەکو ئەمڕۆ لەبارەی حاجی قادرەوە کاریان کردووە، کەریم شارەزا دێت. کاری دوایی کەریم شارەزا کە لەگەڵ سەردار حەمید میراندا ئەنجامیان داوە( دیوانی حاجی قادری کۆیی)یە، ئەم دیوانە لەساڵی (١٩٨٦)دا لە بەغدا لەچاپدراوە. لە ساڵی (١٩٧١)دا و لە ژمارە(٣)ی گۆڤاری (نووسەری کورد)دا ، کە بڵاوکراوەی ئۆرگانیی (یەکێتی نووسەرانی کورد) بووە، وتارێکی شارەزا لە ژێر ناونیشانی (حاجی قادری کۆیی و شیعری شانازی) بڵاوکراوەتەوە. شتێکی غەریب لەو وتارەدا هاتووە کە بەم جۆرەیە: وەختێک شارەزا نموونەی لە  شیعرەکانی حاجیدا هێناوەتەوە، لەدێڕیکدا

[٢٥] -محەمەد،حاجی قادری کۆیی،اا: ١٧، ١٠٠.

ناوی (خانی) لاداوه و له شوێنه‌كه‌ی ناوی (نالی)داناوه. دێڕه شیعره‌كه وایه[٢٦]:

**له‌كوردان غه‌یری حاجی و شێخی نالی**
**ئه‌ساسی نه‌زمی كوردی دانه‌ناوه**

به‌ڵام له‌و شیعره‌دا كه له ڕۆژنامه‌ی(كوردستان)ی ژماره(٣)ی ساڵی (١٨٩٨)دا و له گۆڤاری (هاوار)ی ژماره (٣٣)ی ساڵی (١٩٤١) دا بڵاوكراوه‌ته‌وه ئه‌م دێره به‌م شێوه‌یه‌یه:

**له كوردان غه‌یری حاجی و شێخی خانی**
**ئه‌ساسی نه‌زمی كوردی دانه‌ناوه**

وه‌كو له‌پێشه‌وه‌ش گوترا، حاجی قادر ئه‌م شیعره‌ی له‌سه‌ر پشتی ئه‌م نوسخه‌یه‌ی (مه‌م و زین)نووسیوه كه‌وا هی باوكی جه‌لاده‌ت به‌درخان بووه.

نووسه‌ر و لێكۆڵه‌ر ڕه‌شید فندی له به‌رهه‌مێكی عه‌ره‌بی خۆیدا به‌ناوی (الفكر الكامل الكوردی بین خانی و حاجی قادری الكویی)، هه‌ڵوه‌سته‌ی له‌سه‌ر ئه‌م مه‌سه‌له‌یه كردووه و ده‌ڵێ: (من ڕۆژێكیان ڕووبه‌ڕووی شاره‌زا هاتم و لێم پرسی: ئه‌رێ ئه‌و دێڕه‌ی كه تیایدا له شوێنی ناوی خانی ناوی نالی هاتووه له كام سه‌رچاوه‌ت وه‌رگرتووه؟ ئه‌و له وه‌ڵامی مندا گوتی ناوی سه‌رچاوه‌كه‌م نایه‌ته‌وه بیر. به‌ڵام له‌م دیوانه‌دا كه له‌گه‌ڵ سه‌ردار میراندا پێكه‌وه له ساڵی (١٩٨٦)دا بڵاویان كردۆته‌وه. له چاپه‌كه‌دا دێڕه‌كه به شێوه‌یه‌كی ڕاست نووسراوه‌ته‌وه، واته له‌شوێنی (نالی) نووسراوه ( خانی). ئه‌م

---

[٢٦] -نووسه‌ری كورد، ساڵ/١٩٧١، ژماره/٣: ٤٣.

دوو نووسەرەش ڕایان لەسەر ئەوەیە کەوا لە بواری شیعری نیشتمانپەروەریدا، حاجی قادر لە ئەستەمبۆڵ و لە ژێر کاریگەری بنەماڵەی بەدرخانییان و مەم و زینی خانیدا دەستی داوەتی و لەو بوارەدا پێشەنگە[٢٧].

**بڵاوکراوەی نەفەل:** نوسخەیەکی دیجیتالی دیوانی حاجی قادری کۆیی لە ساڵی(٢٠٠٤) دا بە ئەلفوبێی لاتینی لەناو بڵاوکراوەکانی نەفەل دا بەدیارکەتووە، لەبنەرەتدا ئەم نووسخەیە لاتینیزەکردنی ئەو دیوانەیە کە لەلایەن سەردار حەمید میران و کەریم شارەزا لە ساڵی (١٩٨٦) دا لەبەغدا لە چاپدراوە، لەلاپەڕەی دوایی ئەم نوسخەیەدا، کە عارف زێڕەڤان سەرپەرشتی دەکات، وانووسراوە:

- دیوانی حاجی قادری کۆیی(١٨١٥-١٨٩٧)، نەفەل، ستۆکهۆڵم،٢٠٠٤. لەم نوسخەیەدا هیچ سەرەتا و پێشەکی و ئەنجامێک نییە.

### ٣- لە لایەنی ڕووخسار و ناوەڕۆکەوە شیعر و ڕامانەکانی حاجی: لە قاڵبێکی کلاسیکدا گیانێکی تازە.

لە ڕووی ڕووخسارەوە جیاوازییەک لە نێوان شیعرەکانی حاجی و شاعیرانی پێش خۆیدا نییە. واتە ئەویش لەوێنەی شاعیرانی پێشەخۆی شیعرەکانی لەسەر شێوەی کلاسیک هۆنیوەتەوە.

جیاوازییەکەی ئەو لەلایەنی ناوەڕۆکی شیعری و ڕامان و ڕوانینەکانی ئەودا بەدیار دەکەوێت. لەدوای ئەحمەدی خانی

[٢٧] - فندی، الفکر، ١٧٩-١٨١.

لەو بارەیەوە ئەو وەکو قۆناغی دووەم سەیر دەکرێت، ئەوەی کەوا سەرنجی لێکۆڵەران ڕادەکێشێت ئەوەیە کەوا لە ژێر کاریگەری چاپەمەنی و ڕۆشنبیری تازە کە لەسەدەکانی نۆزدەهەم و بیستەمدا هاتوونەتە ئارا، لە ئەدەبیاتی کوردیشدا گۆڕانکاریەکە دەستیپێکردووە، لەگەڵ ئەوەی شیعر هێشتا جۆری ئەدەبی سەرەکییە، بەڵام جۆرە نوێکانی لە وێنەی، چیرۆک و شانۆنامەش لە دەبی کوردیدا بەدی دەکرێت. شیعری کوردی وەکو پێشوو لە چوارچێوەی مەسەلەکانی کلاسیکدا سنووردار نییە، ئەگەر لە ڕووی ڕووخساریشەوە هەروەکو خۆی مابێتەوە، ئەوا لە باری ناوەڕۆکەوە گۆڕاوە و پێشەنگی ئەم گۆڕانکاریە لە مەیدانی شیعری کوردیدا حاجی قادری کۆییە. ڕەنگە لە ڕووی شێوەوە جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان شیعری حاجی و شاعیرانی پێشووتردا نەبێت، بەڵام مەسەلە ئیدی نەک تەنیا مەسەلەی غەزەل و حۆری و مەی و مەیخانەیە، کۆیی ئیتر کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر و پێشکەوتوو و دەوڵەتخوازە[٢٨].

جەلال تاڵەبانی لەو بەرهەمەی خۆیدا، بە زمانی عەرەبی و بەناونیشانی (کردستان والحرکة القومیة الکردیة/ کوردستان و جولانەوەی نەتەوەیی کورد) دا بەکورتی دەڵێ: حاجی قادر کە لەسەدەی نۆزدەیەمدا ژیاوە یەکێک لە شاعیرە پێشەنگە نەتەوەییەکانی کوردە. حاجی بە دڵێکی پر لە غەم و بە چاوی خۆی بینیویەتی کەوا میرایەتییە کوردییەکان لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە یەک لەدوای یەک لەناو دەبرێن، بۆیە لەو چوارچێوەیەدا دێتە مەیدان و بانگەواز لە کوردان دەکات، کەوا

---

[٢٨] - سەرفراز، کورد کتێب چاپخانە: ٨٣؛ ئالان ، بەندنامە: ٢١٩.

یـەکبگرن و ڕووبکەنـە زانسـت و ڕۆشـنبیری و لـە پێنـاوی ڕزگارکردنی وڵاتەکەیان تێبکۆشن، بەڵام عوسمانییەکان زۆر لەشیعر و هۆنراوەکانی ئەویان سووتاندووە[٢٩].

**٣-١٠- لەلایەنی ڕووخسارەوە/**

**٣-١٠-١- زمان و شێوەزار و کێش:**

وەکو چۆن لـە ژمارە(٣)ی ڕۆژنامەی(کوردستان) ساڵی (١٨٩٨)دا دیاریکراوە، حاجی قادر شیعرەکانی بە شێوەزاری کوردی سۆرانی هۆنیوەتەوە: ( شێوە زمانی حاجی سۆرانییە، لەگەڵ ئەوەی کورد هەموو ئەو شێوە زمانە نازانن).

مارف خەزنەدار سەبارەت بە کێشی شیعرەکانی حاجی قادر دەڵێ: هەموو شیعرەکانی حاجی لەسەر بەحرەکانی کێشی عەرووز هۆندراونەتەوە، کە ئەمانەن:

- هەزەج
- ڕەمەڵ
- موزاریع
- موجتەس
- موتەقاریب
- خەفیف
- سەریع

لەسەر هەریەک لە سێ کێشەکەی دوایی تەنها یەک پارچە شیعری هەیە، لە شیعرەکانی دیکەیدا بە زۆری پەیڕەوی لە کێشەکانی (هەزەج) و ( ڕەمەل) کردووە[٣٠]، یادرگار ڕەسوڵ

[٢٩] -طالبانی، کردستان والحرکة القومیة الکردیة: ٥٦- ٥٧.
[٣٠] -خەزنەدار، مێژوو، IV: ١٣٥.

باڵـەکی بـەگوێرەی کیشـەکان ئـەم نموونانـەی خـوارەوەی هێناوەتەوە[٣١].

١- هەزەجی شەشی ناسالم: ڕێژە ٤٠%.

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ب | – | – | – | ب | – | – | – | ب | – | – |
| مه | فا | عیی | لون | مه | فا | عیی | لون | فه | عوو | لون |
| له | کور | دان | غەی | ری | حا | جی و | شێ | خی | خا | نی |
| ئه | سا | سی | نەز | می | کور | دی | دا | نه | نا | وه |

٢- موزاریعی شەشی ناسالم:ڕێژە ١٥،٨%

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| – | – | ب | ب | – | ب | – | ب | – | – |
| مەف | عوو | لو | مه | فا | عی | لوو | فه | عوو | لون |
| هەر | کور | ده | له | بەی | نی | کول | لی | میل | لەت |
| بێ | بەهـ | ره | له | خوێن | د | ن و | کی | تا | بەت |

٣- هەزەجی هەشتی سالم: ڕێژە ٥،٢%

| | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ب | – | – | – | ب | – | – | – | ب | – | – | – | ب | – | – | – |
| مه | فا | عیی | لون | مه | فا | عیی | لون | مه | فا | عیی | لون | مه | فا | عیی | لون |
| له | ڕۆ | ما | کەو | ته | بەر | چا | وم | که | سێ | کی | ها | یی | م و | حەی | ران |
| به | هەی | ئەت | تێ | گه | ییم | کور | دا | به | شێ | وەی | ئەهـ | لی | کور | دس | تان |

[٣١] - باڵەکی، سەرچاوەی پێشوو، زارما، ساڵ/ ٢٠١٦.

٤- خەفیفی شەشی : ڕێژه %٣٦،٨

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| – | ب | – | – | ب | – | ب | – | – | – |
| فا | عی | لا | تون | مه | فا | عی | لون | فیع | لون |
| شەهـ | سه | وا | ری | به | لا | غه | تي | کور | دان |
| یەک | که | تا | زی | فه | سا | حه | تي | با | بان |

٥- ڕەمەڵی هەشتی مەحزووف:ڕێژه %٥،٢

| | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| – | ب | – | ب | – | ب | – | – | – | ب | – | – | – | ب | – |
| فا | عی | لا | تو | فا | عی | لا | تون | فا | عی | لا | تون | فا | عی | لون |
| وا | د | یا | ره | رەس | م و | قا | نوو | نێ | کی | دەو | ران | دا | ده | نێ |
| کور | دی | ئێ | مه | گەر | د | شی | گەر | مێ | ن و | کوێس | تان | دا | ده | نێ |

٦- ڕەمەڵی هەشتی مەخبوونی مەحزووف:ڕێژه%٥،٢

| | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| – | ب | – | – | ب | ب | – | – | ب | ب | – | – | ب | ب | – |
| فا | عی | لا | تون | فه | عی | لا | تون | فه | عی | لا | تون | فه | عی | لون |
| زا | نی | یو | شا | ری | ب و | لۆ | تی | ده | گ | رن | وا | لی | ده | ڵێ |
| به | ری | دەن | پا | ره | یی | خۆی | دا | یه | چ | عەی | بێ | کی | هه | یه |

٧- موزاریعی هەشتی ناسالم: ڕێژه %٥،٢

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| – | – | ب | – | ب | – | – | – | – | ب | – | ب | – | – |
| مەف | عوو | لو | فا | عی | لا | تون | مەف | عوو | لو | فا | عی | لا | تون |
| ئەی | بێ | نه | زی | رو | هەم | تا | هەر | تۆی | که | بێ | قه | را | ری |
| بێ | دا | رو | بێ | د | یا | ری | بێ | دا | رو | پا | یه | دا | ری |

٨- موجتەسی هەشتی ناسالم: ڕێژه %٥،٢

| | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ب | – | ب | – | ب | ب | – | – | ب | – | ب | – | ب | ب | – |
| مه | فا | عی | لون | فه | عی | لا | تون | مه | فا | عی | لون | فه | عی | لون |
| و | تم | به | بەخ | تی | خه | وا | لوو | به | سا | ئه | توو | بی | خو | دا |
| له | خەو | هه | ڵس | ته | زه | ما | نێ | ب | چی | نه | وا | ئه | وو | لا |

**٢٠١٠٣: فۆرمی شیعری و سەروا:**

بەو شێوەیەی کە لە بەر دەستی ئێمەدایە لە دیوانی شیعرەکانی حاجیدا لەلایەنی فۆرمی شیعری و سەروادا ئەم جۆرانە بەدیدەکرێن:

- قەسیدە٦
- غەزەل٢٠
- مەسنەوی ١٧
- روباعی١١
- فەرد (تاک بەیت)١٧

**١٠٢٠١٠٣–قەسیدە:**

**واتای فەرهەنگی:** قەسدکردنی شتێک.

**پێناسەی ئەدەبی:** ئەو شیعرەی کەوا مەبەستێکی ئایینی، شانازی، ستایش یان داشۆرینی هەبێت، دووبارە بوونەوەی سەروا بەم جۆرەیە: أ أ، ب أ، ت أ،...

**ژمارەی دێڕەکان:** لەنێوان ٣٣ بۆ ٩٩ دێڕە. (بەڵام قەسیدەی وا هەیە ژمارەی دێڕەکانی لەمە کەمتر یا زیاترە).

**نموونە:** ئەم نموونەیە لە شێوەی وتووێژێکە لەنێوان حاجی قادر و کوردێکی بابانیدا ڕوویداوە لە ئەستەمبۆڵ، حاجی پیاوێک بە دیدەکات هە لە شێوەیدا تێدەگات کەوا کوردە[٣٢].

[٣٢] - ژین، ساڵ ١٩١٨، ژمارە ٢؛ نەفەل، دیوان: ٨٧–٨٨.

لــە ڕۆمــا کەوتــە بــەرچاوم کەسـێکی هــایم و حــەیران
بە هەیئەت تێگەییم کـوردە بەشێوەی ئـەهلی کوردسـتان

کە چوومە خزمەتی پرسیم: برادەر خـەڵکی کـام جێگـەی؟
لە کام لا هاتووی؟گریا ، گوتی: بابان!، گـوتم : بابـان؟

دڵــم داوە گــوتم: باوکــە هــەمووومان بــێ کەسـین لێـرە
چ قــەوماوە، گــەلێ حەیفــە، مــەگریێ هــەروەکو بــاران

گوتی: بـۆ غوربـەت و ڕووتـی نییـە، ئـەفغان و هـاوارم
لــە داخــی حــاکمی خۆمــە، لەشــان و شــەوکەتی کـوردان

گــەلێکم بیسـتووە پەسـتی و بڵنـدی دەوڵــەتان ئــەمما
جیهـان نەیـدیوە پەسـتی وا میسـالی حـالی کوردسـتان

لە وەقتی خۆی هەموو شا بوون، سەراپا بێخەم و شا بوون
لــەجوودا حاتــەمی تـایی، لەشــەڕدا ڕۆسـتەمی مەیـدان

لــە پێشـا خــاکی مــە لانــەی پڵنـگ و شـێری ئـازا بــوو
ئەمێستا مار و مێروو، گورگ و ڕێوی لێدەکـەن سـەیران

لە هاڕەی شەشپەڕ و نەڕڕەی سوار و بـەرقی شەشـخانە
لە تەققەی ناڵ و شەققەی سم، لە ڕەققەی تـۆبز و قـەڵغان

دەهاتــە جونبـوش و لــەرزین لــە مـاهی بگـرە تـا مـاهی
لە سەحرا چەندە وەحشی بوون لە ترسان چوونـە سـەر کێوان

سەرا و ئـەیوانیان ئێسـتا کـەلاوەی کونـدەبوو و جوغـدە
ئەگــەر مەیـدان و دیوانــە سـەراپا بوویتــە جێـی دۆمــان

**له پاشی ئەو هەموو گریان و نالەو زارییە پێم گوت: عەزیزم غەم مەخۆ هێندە! لە سایەی ڕەحمەتی ڕەحمان**

**ئەمیرێک ماوە پاشایە، گوتی: کێیە؟گوتم: شێرە گوتی:لێرە؟گوتم:لێرە هەتا تاران و هیندستان**

**بەخۆی شێرە وەکو ناوی، لە شەڕدا دوژمن ئەندازە تەمامان هەر بە ئەو ماوە، جەمیعی خاکی کوردستان**

**تێبینی:** ئەو میرەی کەوا حاجی لەسیاقی گەمە کردن بە وشە و لە بێژەکانی (پاشا) و (شێر) دا ئاماژە بۆ ناوی دەکات و ئەو وەکو دواهیوای کوردستان دەداتە قەڵەم، ئەوەعیزەددین شێری ئامۆزای بەدرخان پاشایە، لەدێری کۆتایشدا واتای (شێر)هەر ئاماژەیە بۆ ناوی ئەو میرە.

**٢٠٢٠١٠٣–غەزەل**

**واتای فەرهەنگی:** قسەکردن لە بارەی ژنانەوە.

**پێناسەی ئەدەبی:** ئەو شیعرەیە کەوا ناوەڕۆکێکی دڵداری هەیە، دووبارە بوونەوەی سەروا بەم جۆرەیە: أأ، ب أ، ت أ،....

**ژمارەی دێرەکان:** لەنێوان ٥ بۆ ١٥ دێڕە، (غەزەلی زیاتر لە ١٥ دێریش هەیە).

غەزەل لە دوو ڕووەوە لەگەڵ قەسیدەدا جیاوازە، یەکیان ژمارەی دێرەکانە، ئەوەی دیکە ناوەڕۆکە.

| فۆرمی شیعری | ژمارەی دێرەکان | ناوەڕۆک |
|---|---|---|
| غەزەل | ٥–١٥ | زیاتر دڵدارییە |
| قەسیدە | ٣٣–٩٩ | ئایینی، شانازی، ستایش، داشۆرین |

حاجی زۆرینەی غەزەلەکانی خۆی لە تافی لاویێتی و بەر لەوەی بچێتە ئەستەمبۆڵ و هەندێکیشی لە غەریبی هۆنبیوەتەوە، چەند پارچە کە لەغەزەلەکانی وەرگیراون لێرەدا دێنینەوە[٣٣]:

**ئەگەر غەڵەت بڵێم میشکی خەتایە**
**عەزیزم من ئەمەم عەینی خەتایە**

**دەڵێن عونناب و شەککەر چاکە بۆ دەرد**
**گوڵاوی لێوی تۆ بۆ من شیفایە**

**تەبیبم هاتە بالینم وەهای گوت:**
**(درێغا دەردی عیشقە بێ دەوایە)**

**ئەگەر کوفرە بڵێم من موبتەلاتم**
**وەرە سا بمکوژە بیللا غەزایە**

***

**لە جینسی ئادەمی وەک تۆ نەزاوە**
**پەری ڕوویەک لە ئادەم تا بە خاتەم**

**سەوادی ئەعزەمی قوستەنتینیە**
**گەلێ بێناوی کردە سەدری ئەعزەم**

**کوڕانی دوو هەوێن دنیاو و عوقبا**
**میسالی داکیانن ئەو لەگەڵ ئەم**

**بەیەک ناچن ڕەقیب و حاجی قادر**
**خودایا ئەو ڕەزیل کە ئەم موکەڕڕەم**

---

[٣٣] – خەزنەدار ، مێژوو، IV : ١٤٤.

**٣٠٢٠١٠٣- مەسنەوی:**

**واتای فەرهەنگی:** جووت جووت (جووت سەروا)

**پێناسەی ئەدەبی:** ئەو شیعرەی کە هەردوو نیوەدێڕی بەیتێکی لەناو خۆیاندا هاوسەروان.

**شێوەی سەروا:** أأ، ب ب، ت ت،.....

**ناوەرۆک:** دڵداری، جەنگ، بابەتی مێژوویی، ئایین، ڕەوشت زانست. (١٧) پارچە لە شیعرەکانی حاجی کە لەبەر دەستدان و لە دیوانەکانیدا هاتوون بە شێوەی جووت سەروا هۆندراوەتەوە، لەخوارەوەدا چەند نموونە لەهەندێک لە شیعرە مەسنەوییەکانی حاجی دێنینەوە:

**نموونەی(١):**

حاجی لەم نموونەیەدا کە لەخوارەوە پێشکەشی دەکەین، لە بەرابەر ژمارەی دانیشتوانی زۆر سەرنج بۆ لای هێزی یەکێتی و هونەر ڕادەکێشێت، شاعیر لەو ڕووەوە بە دیاری دەخات کەوا ژاپۆنییەکان لەگەڵ ئەوەی ژمارەی دانیشتوانیان کەمە، بەڵام لە سایەی پێشکەوتنی هونەری توانیویانە وڵاتی چین کە ژمارەی دانیشتوانیان گەلێک زۆرە داگیر بکەن، بۆیە لەو سۆنگەیەوە شاعیر بانگەوازی بۆ کوردان ئەوەیە کەوا گرینگی بە هونەر بدەن و لەناو خۆیانا ببن بەیەک :

**بە قیسسەی موخبیر و موئەڕیخی کۆن**
**میللەتی چینە چارسەد ملیون**

**سەر بە سەر دەوڵەتی هەموو ژاپۆن**
**زۆر بەزەحمەت دەگاتە چل ملیون**

ئەهلی ژاپۆن بەفەنن و سەنعـەتی چـاک
سەیری چۆن چینی گرت و کردییە خـاک

ئیتتیحـــادیی بـــە ئیتیفـــاقی ئـــەنام
ســـوپەرە بـــۆ حەوادیســـی ئـــەییام

کـــوردی ئێمـــە نـــەزان و پاشـــکەوتن
پێکـــەوە پـــووش و ئـــاگر و نـــەوتن

بـــێ ئەگـــەر دەســـتی یـــەکتری بگـــرن
وەک سـکەندەر جیهـان هـەموو دەگـرن

**نموونەی(٢):** تایبەتمەندی هەرە دیاری ئەو دێڕانەی کە لە خـوارەوە هێناومانـە، تێهەڵکێشـی ئیدیـەمی پەنـد ئـامێزە کـە لـە شێوەی پەندی پێشیناندایە .دیاردەکانی وەک تەنبەلی، خەبات و بـەرەنگاری، زانسـت و هونـەر ، پـەتای زیکـر و دوعـای بـێ کردەوە، لـەم دێڕانـەدا لـە شـێوەی ئیدیەمدا شـوێنیان گرتـووە. حـاجی لـەم پارچـە مەسـنەوییەدا هەسـتی خـۆی بـەم شـێوەیە دەردەبڕێت[٣٤]:

تەنبـــەلی کـــاری حیـــز و بـــێ خێـــرە
دەســـتی مانـــدوو لەســـەر زگـــی تێـــرە

ئـــەهلی جەننـــەت نـــە شـــوان و گاوانـــە
ســـاحیبی فـــەنن و عـــیلم و عیرفانـــە

[٣٤] -خەزنەدار، مێژوو،IV: ١٦٨.

فایــدەی گــەر بدایــە زیکــر و دوعــا
دەبــووە قــاروون گــەدایی ســەر ڕێگــا

هەرچی بێ بەهرەیە لـە کەسبی کـەمال
دەبتــە دەروێش و مارگــر و حەممـال

**نموونـەی (٣):** حـاجی لـەم پارچـە مەسـنەویەدا کـەوا ئێمـە چەنـد دێرێکـی لـێ پێشـکەش دەکـەین، ئـەو کەسـانە هۆشـیار دەکاتەوە کە بە هیوای بەهاناوەهاتنی شێخە ساختە چییەکانن. حاجی سـەرنج بۆ ئـەو خاڵـە ڕادەکێشـێ کـەوا گەلانی ئـەورووپا لەلاییێکەوە لە مەیدانی هونەر و داهێناندا گەیشتونەتە ئاستێکی مـوعجیزە ئاسـا و بەرهــەمێکی لەوێنــەی تــاوەری ئیفێلیــان داهێنـاوە کـە ڕووە و ئاسـمان سـەرەوهەوراز چووە، لـەلاییێکی دیکەشـەوە لـە ژێـر زەوی تونێـل و میترۆیـان دروسـتکردووە، کـەچی شـێخ هێشـتا بـە نوشـتە و نیـازەوە سـەرقاڵن و خـەڵکی بـەرە و تەنبـەڵی دەئاژوون. بۆیـە حـاجی لـەم ڕووەوە میللـەت هۆشیار دەکاتەوە و دەڵێ[٣٥]:

دەخیلــی شــێخ و مــێخ مــەبن ئەبــەدا
هــیچ کەســێ ڕزقــی هــیچ کەســێ نــادا

ئــەی خــەریکی ڕمــووز و نــاز و نیــاز
ئــەورووپا فــەننی گەیوەتــە ئیعجــاز

قولــــەی ئیفــــەلی لــــە ئەفلاکــــە
عەکسی ئەو گەردشی لە ژێــر خاکــــە

[٣٥] - خەزنەدار، مێژوو،IV: ١٦٨.

**تێبینــی:** حـاجی لـە دێـڕی دواییـدا هونـەرێکی ئـەدەبی بـەکارهێناوە، ئەویش(دژیەک/تـەزاد)ە. ئـەم هونـەرە لـە نێـوان چەمکەکانی ( لە ئەفلاکە- بەرە و ئاسمان هەڵچووە) لەگەڵ ( لە ژێر خاکە - ڕووە و زەوی ڕۆچووە) پێکهاتووە.

**٣.١.٢.٤/ روباعی (چوارین، دووبەیتی):**

**واتای فەرهەنگی:** چوارینە

**پێناسەی وێژەیی:** یەک بەند کە لە چوار نیوە دێر پێک دێت.

**ناوەڕۆک:** فەلسەفی، تەسسەوف، پەند.......

**جۆر و سەروا:**

١-چوارینی موسەڕەع، (أأأأ)

٢-چوارینی ناموسەرەع، (أب أب یان أأب أ)

ئـەو چوارینــەی حــاجی کــە بەنموونــە هێناومانەتــەوە چوارینێکی ناموسەرەعە[٣٦]:

**یـــــارەببی تـــــۆ عەزیموششـــــانی**
**هـەرچی کـەبووە و دەبـێ و دەیـێ دەیزانـی**
**من بێ خەبەرم لە ئەووەل و ئاخیری خـۆم**
**حـالیم بکـە لـەم بەینـە، چییـە ئینسـانی؟**

**٣.١.٢.٥/ فەرد (تاک بەیت):**

ئەو تاک بەیتانەی لە دیوانی حاجیدا بەدیدەکرێن، یا لە ڕاسـتیدا وەکـو تاکـە بـەیت گـوتراون، یـا ئـەوەتا لـە پارچـە

[٣٦] -نەفەل، دیوان: ١٥٩.

شیعرێکدا تەنها ئەو تاکەی بە دەست ئێمە گەیشتووە.ئەم تاکە بەیتەی حاجی هی ڕۆژگاری خوێندییەتی لەمەدرەسەی ئاییینی. لە کاتێکدا بە ڕێگایەوەن بەم شێوەیە ڕوو دەکاتە مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە، سەروای دێڕەکە (أأ)یە[٣٧]:

**تۆ خۆش دەبەزی ئەسپی بەزینت پێیە**
**من ناگەمە تۆ ئەسپی بەزینم پێ یە**

**٦٠٢٠١٠٣: ئەو ئیدیەمانەی کە لەوێنەی پەندی پێشینان دان:**

حاجی قادر لە شیعرەکانیدا و لە سیاقی هەندێ بابەتدا، هەندێک ئیدیەمی پەند ئامێزی تێهەڵکێش کردووە کە لە وێنەی پەندی پێشینان دایە، هەندێک لەم ئیدیەمانە لەو شیعرانەدان کە ئێمە لەو بەرهەمەی مارف خەزنەدار بەناوی (مێژووی ئەدەبی کوردی)یە وەرمان گرتوون[٣٨]:

**بەقسەی سادە برسی تێر نابێ**
**ئاسنی سارد بە فوو گەرم نابێ**
**بە تڕان حەمام گەرم نابێ**
***
**شێری دڕندە وەک لە بێشە نەما**
**گورگ و مام ڕێوی دێنە ڕەقس و سەما**
***
**تەنبەلی کاری حیز و بێ خێرە**
**دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە**
***

---

[٣٧] -میران و شارەزا، دیوان: ٢٧١.
[٣٨] -خەزنەدار، مێژوو،٧ا، ١٦٩-١٨٧.

ئـەهلی جەننـەت نـە شـوان و گاوانـە
سـاحیبی فـەنن و عـیلم و عیرفانـە
***
فایـدەی گـەر بدایـە زیکـر و دوعـا
دەبـووە قـاروون گـەدایی سـەر ڕێگـا
***
هەرچی بێ بەهرەیە لـە کەسبی کـەمال
دەبێتە دەروێش و مارگـر و حەممـال

۲۰۳/لە ڕووی ناوەڕۆکەوە:

۱۰۲۰۳: زمانی کوردی:

یەکێک لەو شتانەی کەوا حاجی بە دەستیەوە دەناڵێنێ ئەوەیە کەوا کورد خاوەندارییەتی لە زمانی زگماکی خۆیان ناکەن یان گرینگی بە زمانی زگماکی خۆیان نادەن. زمانەکەیان بەکەم دەبینن و ڕوو دەکەنە زمانی فارسی، لەم بوارەدا لە شـیعرێکی مەسـنەوی هەسـتی خـۆی لـەم چەنـد دێـرەدا دەردەبڕێت:

کـوردی ئـاخر چییـە عـەیبی
هـەر کـەلامی حەقـە نییـە عـەیبی

یا لەگەل فارسی چ فەرقی هەیـە؟
بۆ چی ئەو ڕاسـتە ئەم کێمییـە

با وجوودی ئەگەر بکەی دیققـەت
تێدەگەی کام لە کامەیە سیرقەت

**چونکـه ئێمـه قـەدیمترین لـەوان**
**بە تەواریخی جـوملەیی ئەدیــان**

هات و کوردێک زمانی زگماکی خۆی نەزانێت، بەتوندی دەکەوێتە بەر ڕەخنەی حاجی و تەنانەت دایک و باوکیشی بە زیناکار تاوانبار دەکات، لەم بوارەدا شاعیر دەڵێ[٣٩]:

**ئەگەر کوردێک قسەی بابی نەزانی**
**موعەییەن داکی حیزە ، بابی زانی**

حاجی قادر لە پارچە شیعرێکی (موناجات)ی خۆیدا کە (٩) دێرە، لەدوای ستایشی خودا و دەربڕینی هەستی خۆی سەبارەت بەبوون و تاک و تەنهایی ئەو. لەدێری کۆتاییدا سەبارەت بە هۆکاری ئەوەی کە ئەو وەسف و پیاهەڵدانەی بە کوردی کردووە دەڵێ:

**مەعلوومە بۆچی حاجی، مەدحت دەکا بەکوردی**
**تاکەس نەڵێ بەکوردی، نەکراوە مەدحی باری**

**٢٠٢٠٣: لـە بـارەی مەسـەلەکانی یـەکێتی و ئـازادی و هونەر و نیشاندانی ئەرمەن و هەندێک گەلانی دیکە وەک نموونە:**

لەم دێڕانەی خوارەوەدا حاجی ئەوە ڕووندەکاتەوە ، کە بەو هۆیەی کوردان نەیانتوانیوە یەکێتییەک پێک بهێنن بۆیە کەوتونەتە ژێر فەرمانی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی. لە سۆنگەی ئەوەش کە ئەم یەکبوونە دروست نەبووە سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە کورد وەکو گای

[٣٩] – سەجادی، مێژوو: ٣٤٩.

نێوچاوان بەش لە نێوان کڵاو سوور و (دەوڵەتی سەفەوی) و کڵاو ڕەشان (دەوڵەتی عوسمانی) بە پەرێشانی ماونەتەوە[٤٠]:

**مونقـــادی عەجـــەم، موتیعی ڕۆمن**
**مەحکـــوومی خـــەڕات و حیز و دۆمن**

**لە مابەینی کڵا و سوور و کڵاو ڕەش**
**پەرێشان و دیارن میسلی گای بەش**

حاجی لە شیعرەکانیدا کاتێک پێ لەسەر گرینگی یەکێتی کوردان دادەگرێت و دەوەستێت، ئاماژە بۆ ئەو گەلانە دەکات کە لەو بواەردا بوونەتە نموونە، لەسەرووشیانەوە ئەرمەن دێت. لەدێڕێکدا بەمجۆرە ئاماژە بۆ ئەو خاڵە دەکات[٤١]:

**هەم حەققیانە ئەرمەن غیرەتکـەشـی یەکتـــرن**
**وەک ئێمە نین لەگەڵ یەک دەعوا بکەن بە شییران**

بەلای حاجییەوە مرۆڤ بۆ ئەوەی ببێتە خاوەنی بنەوان و دەوڵەت، هۆکاری بڕیاردەر نەوەکو نفووسی زۆرە، بەڵکو هێزی یەکێتی و هونەرە، بۆیە لەپارچە شیعرێکدا لە نیوە دێڕێکی واتادار دا ڕوو لە کورد دەکات و دەڵێ: ( وەرە فێری هونەر بە!). وەک چۆن لەم دێڕانەی خوارەوەدا وا سەرنج بۆلای گەلی ژاپۆن ڕادەکێشێت کە لە سەردەمێکدا (٤٠)ملیۆن بوون کەچی لە سایەی هێزی هونەری خۆیان توانیویانە گەلی چین کەوا (٤٠٠) ملیون بوون تێکبشکێنن[٤٢]:

---

[٤٠] -میران و شارەزا، دیوان: ١٩٦.
[٤١] -سەرچاوەی پێشوو: ٨٨.
[٤٢] -مەلا عەبدولکەریم، حاجی قادری کۆیی...: ١١٩.

**بـه قیاسی مـوخبیر و موئـەڕیخی کۆن**
**میللـــەتی چینـــە چارســـەد ملیـــون**

**سەربەســەر دەوڵــەتی هــەموو ژاپــۆن**
**زۆر بــە زەحمــەت دەگاتــە چــل ملیــون**

**ئەهلی ژاپۆن بەفـەنن و سنعەتی چـاک**
**سەیری چۆن چینی گرت و کردییە خاک**

بەلای حاجییەوە پێوەری دادوەری لە بەهەشتدا هونـەر و زانسـتە، چـونکێ خـاوەنی هونـەر و زانسـت ، بـە هونـەر و زانسـتی خۆیـان خزمـەت بـە مرۆڤـەکان دەکـەن و سـوودیان پێدەبەخشـن بۆیـە زیـاتر شایسـتەی بەهەشـتن، هـەر لەبـەر ئەوەشـە بـەلای حاجییەوە ئەو کەسانەی ژیانێکی زاهیدانـەی بـەتاڵ لـە وێنـەی ژیـانی شـوان و گاوانـان بەسـەر دەبـەن چ سـوودێک بـە کۆمـەڵگا ناگەیـەنن، زیـاتر ئەوانـە بەهەشـتین کـە بەهونەر و زانستی خۆیان خزمەتی کومەڵ دەکەن.

**ئــەهلی جەننــەت نەشــوان و گاوانــە**
**ســاحیبی فــەنن و عــیلم و عیرفانــە**

دیسان حاجی سەرنج بۆ سەر ئەو خاڵە ڕادەکێشێت کەوا گەلانی بولغار و سرب و یۆنان ئەرمەن و قەرەتاغ، کە لـە ژێر رکێفی عوسمانییەکاندا دەژیان نفووسـی هـەر پێنجیان پێکـەوە بەقـەدەر بابانـەکان بەتـەنیا نابێت، کـەچی لەسـایەی یەکڕیزیـدا هـەر یـەکێکیان لـە تێکۆشـانی خۆیـدا سـەرکەوتووە، دەوڵـەتی خۆیان دامەزراندووە و بوونەتە خاوەنی سوپا[٤٣]:

[٤٣] - مەلا عەبدولکەریم، حاجی قادری کۆیی...: ١١٩؛ نەفەل، دیوان: ٨٥.

بولگار و سرب و یۆنـان، هـەم ئەرمـەن و قـەرەتاغ
هـــەرپێنجیان بەتەعـــداد، نـــابن بەقـــەددی بابـــان

هـــەر یەکـــە موســـتەقیلن، کولـــــەکی دەوڵـــەتێکن
ساحیبی جەیش و ڕایات، ئەرکانی حەرب و مەیـدان

**٣٠٢٠٣: تـــرس لەدامەزرانـــدنی ئەرمەنســـتان لـــە ســـەر خاکی کوردستان:**

بـــەگوێرەی هەنـــدێک لێکۆڵـــەر ، لەســـــەرەتای ســـــەدەی بیستەمدا ڕێکخراوەکانی ئەرمـەنی لەوێنـەی تاشناک و هنچاک لەهەولی ئەوەدابوون دەوڵـەتێکی سـەربەخۆ بۆ گـەلی ئەرمـەن دابمـــــەزرێنن و لـــــە نەخشـــــەکەیاندا هەنـــدێک ناوچـــــەی کوردستانیشی گرتبوە خۆی. لەم ڕووەوە وڵاتـانی ڕۆژئاوا بۆ ئـەوەی کـورد چیتـر هامشـۆی ئـەو کوێسـتانانە نەکـەن کـە دەکەونـــە نـــاو نەخشـــەکەوە هۆشـــداریان دەدایـــە دەوڵـــەتی عوســـــمانی. لـــەلایێکی دیکـــەوە لـــەناو خەڵکـــدا دەنگۆیـــەک بڵاوببوویەوە کـەوا لـە ئالاکانی حەمیدیە بـەولاوە نابێت کـەس چەک هەڵبگرێت و ئەو چەکانەش کەهەن پێویستە کۆبکرێنەوە.

ئەو مەسەلانەی بەو شێوەیە لە ئارادابوون، وەکو زۆر لە خەلکانی دیکە بیری حاجیشیان ئالۆزکاندبوو، کە ئەگەر بێت و دەوڵـــەتی ئەرمەنســـتان دابمـــەزرێت ئـــەوا زۆر ناوچـــەی کوردستانیش دەگرێتەوە، ئەم ترسە بۆتە مایەی ئەوەی حاجی ئەم شیعرەی خوارەوە بڵێت، ئەم هۆنراوەیە لـەو ڕۆژەوە تـاکو ئێسـتا لـەنێوان ڕۆشنبیر و نووسـەراندا بۆتـە مایـەی مشـتومڕ بەشـێکیان ئـەم هۆنراوەیـە وەکـو بانگـەوازێک بـۆ هەڵوێسـت

وەرگرتن لە دژی ماف و ئازادییەکانی گەلی ئەرمەن لێکدەدەنەوە، هەندێکیش وای بۆ دەچن کەوا ڕووسیا و بەریتانیا و وڵاتانی ئیمپریالیست هەر لەبنەڕەتدا ویستویانە کەوا بەشێک لە ناوچەکانی کوردستان، بخەنە ناو سنوورەکانی ئەم دەوڵەتەی ئەرمەنستان کە خەریکبوون دایبمەزرێنن و لەکوردستانی دابڕن، حاجی درکی بەم مەسەلەیە کردووە و لەدژی وەستاوەتەوە ئەمەش هەڵوێستێکی ڕاست بووە[٤٤].

کەمال مەزهەر ئەحمەد لەم بارەوە دەڵێ:

ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدارانی ئەرمەن بەر لەدامەزراندنی هەردوو پارتەکەی هیچاک و تاشناک و لەدوای دامەزرانی ئەم پارتانەوە، ئامانجیان ئەوە بووە کەوا (ئەرمەنستانی مەزن)، یان (ئۆتۆنۆم) و (سەربەخۆ) دابمەزرێنن و هەموو ئەو ناوچانەی کە لەکۆندا زۆرینەی دانیشتوانەکەیان ئەرمەن بوون، یان ئەو هەرێمانەی کەپێشتر هی ئەرمەنیان بووە بەڵام ئێستا گەلانی دیکەی تیادا دەژین ڕزگار بکەن.

بۆ نموونە بەلای ئەوانەوە دیاربەکر و ناوچەکانی دەوروبەری بەشێک بووە لە ئەرمینیا، بێگومان ئەمە مەترسی خستبووە دڵی کوردانەوە، لەم ڕووەوە هەرچۆنێک بێت دەوڵەتە زلهێزەکان لە هەوڵی ئەوەدا بوون کەوا ئەرمەنییەکان لە ژێر دەسەڵاتداری عوسمانییەکان ڕزگار بکەن، ئەم

---

[٤٤] – خەزنەدار، مێژوو، IV، ١٦٤–١٦٥؛ ئاسۆ زاگرۆسی
over–blog.com/article/30477328

– کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، بەغدا، ١٩٧٥: ١٢٤–١٢٥.

– نەفەل، دیوان: ٨٣.

نزیکبوونەوەی ولاتانی ئەوروپایی لە مەسەلەی ئەرمەن چاوی کوردانی ترساندبوو، ئەم پرۆژەیە کە لە خزمەت بەرژەوەندی ئەم ولاتانەدا بوو، نەک هەر لەلای دەولەتی عوسمانی، بەلکو لەناو گەلی کوردیشدا ببووە مایەی دلەراوکێیەکی گەورە و وا باو بوو کەوا دەولەتانی وەکو رووسیا و بەریتانیا و فرەنسا پێکەوە دەیانەوێ دەولەتێک بۆ ئەرمەن دابمەزرێنن و گەلی کوردیش بخەنە ژێر حوکمرانی ئەو دەولەتەوە. هەروەها دەگوترا کەوا ئەو دەولەتانە لە پێناوی بەرژەوەندی ئەرمەنەکان فشاریان بۆ دەولەتی عوسمانی دەهێنا کەوا کۆمەلێک سیاسەت و رێوشوێن بگرێتە بەر، وەک ئەوەی دەگوترا کە هۆزە کوردەکان بۆ ئەوەی بتوانن چەک هەلبگرن پێویستە مۆلەت لە یەکەکانی سوارەی حەمیدی وەربگرن، هەروەها هامشۆکردنیان بۆ هەندێک لەکوێستانەکان لێ قەدەغە کرابوو، ئەم جۆرە قسەوقسەلۆکە لەماوەیەکی کورتدا لەناو کوردان پەرەی سەندبوو و مەترسی بۆیان دروست کردبوو، رۆشنبیرانی کورد لە بچووککردنەوەی خاکی نیشتمانەکەیان دەترسان، وەرزێری کورد لەوە دەترسا زەوی و زارەکانیان لەدەست بدەن، ئاغا و دەرەبەگیش لە لەدەستچوونی دەسەلاتی خۆیان دەترسان، ئەم هەلومەرجە کارێکی ئەوتۆی کردۆتە سەر حاجی قادر، وەکو رۆشنبیر و مرۆڤێکی پێشەنگی کورد تاوەکو بلێ[٤٥]:

**خاکی جزیر و بۆتان، یانی ولاتی کوردان**
**سەد حەیف و سەد مەخابن دەیکەن بە ئەرمەنستان**

---

[٤٥] -ئەحمەد،کورتلەر ڤە ئەرمەن سوێکرمە، بەرهەم: ١٨-٢٠.

**هیچ خەریتەک نەماوە سەد جار قەسەم بە قورعـان**
**پەیـدا بـێ ئەرمەنسـتان نـامێنێ یـەک لـە کـوردان**

**وارێگــەتان دەبەسـترێ عێلاتـی جـاف و بلبـاس**
**گەر مردوون لـە گەرمان مەمنووعـە بچنـە کوێسـتان**

**٤٠٢٠٣/دوو ئامرازی ڕزگاری : قەڵەم و شییر/ چەک:**

کاتێک لە مێژووی جیهان ڕادەمێنین، دەبینین کەوا گەلانی ژێردەست لە پێناوی بەدەستهێنان و پاراستنی مافە ڕەواکانیان بایــەخ بــەدوو شــت دەدەن، یەکــەمیان ڕەمــزی خوێنــدن و پەروەردەیە، واتە قەڵەم، ئەوەکەی تریشیان رەمزی جەنگ و بەرگرییە، کەوا شییر یاخود چەکە. دیارە پەنابردن بۆ چەک بژاردەیـەکی خواسـتراو نییـە، بـەڵام لەهەلومـەرجی ناچاریـدا پێویستە ئەم ڕێبازەش بگیرێتە بەر. حاجی قادر لەم بوارەدا گوتویەتی[٤٦]:

**بەشــییر و خامــە دەوڵــەت پایــەدارە**
**ئــەمن خامــەم هەیــە شــییر نادیــارە**

**شییر و قەڵەم شەریکن لەم عەسرەدا درێغا**
**شییرم قەڵەم تراشـە و کالانییـە قەڵەمـدان**

***

**ئەسبابی شەڕ پەیاکەن**
**تۆپ و تفەنگ و هاوەن**

---

[٤٦] -محەمەد، حاجی قادری کۆیی، III، ٢٦١؛ نەفەل ، دیوان: ٨٥-١٥٠.

### ٥.٢.٣/ ژنان و پەروەردە:

بە پێی هەندێک لەسەر چاوەکانی مێژووی ئیسلامی لە سەردەمی کۆندا، ژنانی کورد لە مەدرەسە ئاینییەکاندا ڕۆڵی مامۆستایەتیان هەبووە و خوێندکارەکانیان لە ڕەگەزی پیاو بوون. هەم دەرس و هەم ئیجازەنامەیان پێداون. وەلێ بەداخەوە لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگار دەبینین کەوا کۆمەڵی کوردەواری لە دانانەبەر خوێندنی کچان دوور کەوتوونەتەوە و لەپەروەردەدا بێبەشیان کردوون. حاجی قادر لەسەردەمی خۆیدا لەدژی ئەو بیرۆکەیەی کەوا لە بواری پەروەردە دا جیاوازی دەخاتە نێوان کوڕان و کچان، وەستاوەتەوە و لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە لەو بوارەدا داکۆکی کردووە و نموونەشی لە ئایەت و حەدیس هێناوەتەوە. وەکو چۆن کاتێک حاجی دەبینێ کە هەندێک لەمەلاکان ئامۆژگاری خەڵکی دەکەن(کەوا کچانیان نەنێرنە بەر خوێندن!) بۆیە لەم بوارەدا حاجی حەدیسی پێغەمبەری بەڕێز دێنێتەوە و، ئەو مەلایانەش کە ئەم جۆرە فەرمانە دەردەکەن بە بێدینی و لادان لە ڕێبازی ڕاستەقینەی ئایین تاوانبار دەکات، بۆیە لەم ڕووەوە دەڵێ[٤٧]:

**بۆچی فەرموویەتی نەبیی ئەمین**
**(اطلبو العلم ولو بالصين)**

**نێر و مێ لەم حەدیسە فەرقی نییە**
**گەر مەلا نەهی فەرموو دینی نییە**

---

[٤٧] -میران و شارەزا، دیوان: ١٨٦-١٨٧.

**٦٠٢٠٣/ شێخانی ساختە کەوا خەڵکی لەخشتە دەبەن و لەدواکەووتوییدا دەیانهێڵنەوە، بیر و بۆچوونی ناڕاست لەبواری تەریقەت و تەسەوفدا:**

پێویستە ئێمە ئەو شێخانەی کەوا بەدرێژایی مێژوو بەدیارکەوتوون بکەین بەدوو بەش، بەشێکیان ئیسلامی ڕاستەقینەیان بۆ خەڵک شیکردۆتەوە و لەپێناوی ئاشتی کۆمەڵایەتیدا تێکۆشاون لەم ڕووەوە بوون بەڕابەر و لە ڕیزی زۆرلێکراواندا شوێنیان گرتووە، بەڵام بەشێکی دیکەیان دینیان بۆ بەرژەوەندی شەخسی و تایبەتی خۆیان بەکارهێناوە، حاجی لەڕووبەڕووی ئەم جۆرە شێخانە وەستاوەتەوە و ڕەخنە لەو کوردانەش دەگرێت کەوا شوێنیان دەکەون. بڕیاریش هەر ئەوەیە کە تامردن لەڕێگەی هۆشیارکردنەوەیاندا کۆڵ نەدات، بۆیە دەڵێ[٤٨]:

**کێ دەڵێ کوردەکان بێ ئیدراکن**
**بەسە ئەم قسە گوێ لەمن ناکەن**

**لە قسەی ساغی من خەلەل دەگرن**
**واهیمەی شێخەکان لەدڵ دەگرن**

**عیشقبازی و هەوایی دەروێشی**
**میللەتی خستە فەقر و بێ ئیشی**

**بەقسەی چاک دەستیان دەگرم**
**تەرکی ناکەم بەلۆمە تا دەمرم**

****

---

٤٨ – خەزنەدار، ١٧، ٧٠.

شکلی تەکیە و خانەقاهی شێخەکان
واقیعەن ڕەنگینە ئەمما بۆ ڕیان

لەم هەموو شێخ و موریدانەی ڕیا
فەردەکی ناچێتە مزگەوتی خودا

مەسجید و میحراب و مینبەر بێکەسە
هەر مەپرسە حاڵی چۆنە مەدرەسە
****

دەخیلی شێخ و مێخ مەبن ئەبەدا
هیچ کەسێ ڕزقی هیچ کەسێ نادا

ئەی خەریکی ڕمووز و ناز و نیاز
ئەوروپا فەننی گەیوەتە ئیعجاز
****

بەڵێ شێخ قوتبە ئەمما قوتبی ئاشە
بەنان و نیعمەتی خەڵکە گەڕانی

کەنەفعێکی نەبێ بۆ دین و دەوڵەت
بەمن چی نەقشبەندی یانە مانی

**٤- ئەو هۆکارانەی کە لە بواری نیشتمانپەروەری و کوردایەتیدا کاریگەریان بە سەر حاجی قادرەوە هەبووە:**

لێکۆڵەران هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدابوون کەوا ئەو هۆکارە سەرەکیانە دەست نیشان بکەن کە بوونەتە هەوێنی هەڵوەستەکردنی حاجی لەسەر مەسەلە نەتەوەییەکانی کورد.

لــه شــیعر و هەڵبەســتەکانیدا بــەلای گــەلێک لــە تــوێژەران، بـارودۆخی ئـەو کاتـەی ئەسـتەمبۆڵ، مانـەوەی حـاجی لەتـەک بنەماڵەی بەدرخانییەکان کە بەشـێوەیەکی تایبـەتی بـە ناسـنامە نیشــتمانپەروەرییەکەیانەوە ناوبانگیــان دەرکــردووە، ئــەنجا خوێندنەوەی وردی دەستخەتێکی (مەم و زین) کە لە ئارشـیفی ئـەو بنەماڵەیـەدا هـەبووە و لـەو ڕێگەیەشـەوە ئاشـنایی لەگـەڵ ئەحمــەدی خــانی، ئەمانــە کاریگــەریان لــە ســەر گەڵاڵــەبوونی بیرکردنەوەی حاجیدا هەبووە. وا هەیە ئەم توێژەرانـە بەگشـتی لەسەر هۆکارەکان دواون و جاری واش هەیـە هـەر هۆکارێـک بەتەنیا تیشکی خراوەتە سەر بۆ نموونە:

خوالێخۆشــبوو گیــوی موکریــانی لــەکاتی ئامــادەکردنی دیـوانی حـاجی کـە لـە سـاڵی (١٩٦٩)دا لـە هـەولێر لـە ژێـر ناونیشـانی (دیوانی حاجی قادري کۆیی) چاپ و بڵاوبۆتـەوە، سەرەتایەکی بەناوی (دەستپێک) و پاشکۆیەکی بەناوی(ئەنجام) لـە بـارەی شـیعر و شـاعیری حـاجی قـادر نووسـیوە چەنـد زانیاری گرینگی تیادا هێناوەتەوە، لەو (دەستپێک)ە دا بەکورتی دەڵێ: ئـەم دیوانـە بیروباوەڕە بـەرزەکانی حاجی وەکو ئاوێنـە دەخاتە ڕوو، تیایدا حاجی وەکو قوتابییەکی ژیری مـەم و زیـن بەدیار دەکەوێت لەم لایەنەوە حاجی لەوێنـەی خـانیی دووەمـە، واتا خانیی سەردەمی خۆیەتی لەگەڵ زیرەکی لە ڕادەبـەدەری و غیرەت و جوامێریشـی بـەڵام تـاوەکو نەچۆتـە ئەسـتەمبۆڵ و نەبۆتە مامۆستای منداڵەکانی بەدرخان پاشـا و کتێبەکـەی مـەم و زینــــی لای ئــــەوانی نەخوێندۆتــــەوە، چ لــــەبواری نیشـتمانپەروەری و چ لـە بـواری کوردایەتییـەوە کـەم و زۆر

شــيعر و هەڵبەســتی دانــەناوە، لــەم ڕووەوە هۆشــیاری وڵاتپەروەری لە بنەماڵەی بەڕێزی بەدرخانییەکان و لە مەم و زین وەرگرتووە[49].

ئەم نووسەرە لە بەشی (ئەنجام)یشدا نووسیویەتی کەوا: حاجی قادر لە دوای ئەوەی چووە بۆ ئەستەمبوڵ و لەوێ ئاشنای بنەماڵەی بەدرخانەکان بووە و شاکارەکەی ئەحمەدی خانی (مەم و زین)ی خوێندۆتەوە، بۆتە خاوەنی هۆشیارییەکی کورد و کوردستانی[50].

کوردستان موکریانی کەوا کچی گیوی مورکیانییە لەو (دەســتپێک)ەدا کــە بــۆ دیوانەکــەی نووســیوە کــە لەلایــەن باوکییەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە دەڵێ:

شاری ئەستەمبوڵ ببوو بە ناوەندێک بۆ هەموو ئەو کەسایەتییانەی کــە بەمەبــەستی ڕزگــاربوون لــە دەســەڵاتی دەوڵــەتی عوسمانی و لــەپێناوی بەدەســتهێنانی بەرژەوەندییــە نەتەوەییــەکانی خۆیــان خــەباتیان دەکــرد. حــاجی قــادر کــە دەسەڵاتی بەسەر زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکیــدا دەشــکا و لەهــەمان کاتیشــدا شــارەزای کێشــە و گرفتەکانی سەردەمەکەی خۆشی بوو، لەکاتێکی وا داو بوونی حاجی لەئەستەمبوڵێکی لەم بارودۆخە بۆتە ڕێگاخۆشکەرێک تــاخۆی لــە بنەماڵــەی بەدرخانییــەکان نزیــک بکاتــەوە و شــیعرەکانی خــانی، کــە لــەلای ئــەم بنەماڵەیــە پــارێزرابوون بخوێنێتەوە تا لە ئاکامدا ببێتە خاوەنی ئەزموونێکی نوێ[51].

---

[49] - موکریانی، دیوان، دەستپێك.

[50] - سەرچاوەی پێشوو، (ئەنجام:١٤٣)

[51] – سەرچاوەی پێشوو، دەستپێك.

حاجی لەو ماوەیەی کە لە کوردستان بووە شیعرەکانی بەزۆری لەسەر شێوەی کلاسیک هۆنیوەتەوە، تاوەکو نەچۆتە ئەستەمبوڵیش شیعری لەبارەی نیشتمانپەروەرییەوە دانەناوە ئەو هۆکارە سەرەکییانەی بوونەتە پاڵنەر تا ئەوەی شیعری نیشتمانی بنووسێت ئەمانەن[52]:

**شاری ئەستەمبوڵ:** حاجی لە ئەستەمبوڵ دەکەوێتە ناو ژیانێکی تازەوە، ئەم ژیانە گۆڕانێکی بنەڕەتی لە تێڕاونینی حاجی پێک دەهێنێت لە سۆنگەی ئەوەی کەوا شاری ئەستەمبوڵ لەو سەردەمەدا ببوو بە ناوەندێک بۆ گردبوونەوەی هەموو ئازادیخوازانی گەلانی عوسمانی.

**بنەماڵەی بەدرخانییەکان:** حاجی لە ئەستەمبوڵ ئاشنایەتی لەگەڵ بنەماڵەی بەدرخانییەکان پەیدا دەکات و دەبێت بە مامۆستای ڕۆڵەکانیان و تاوەکو کۆچی دوایی لە تەکیاندا دەمێنێتەوە. وەکو ئاشکرایە بەدرخانییەکان کەسانی وڵات پارێزبوون و بۆ ماوەیەکی درێژ لە پێناوی ماف و ئازادی گەلی کورد تێکۆشاون، ڕۆڵی نیشتمانپەروەری ئەم بنەماڵەیە کایگەریەکی مەزنی لە سەر حاجی قادر پێکهیناوە.

**ئەحمەدی خانی و (مەم و زین):** حاجی لە ئەستەمبوڵ دانەیەکی دەستخەتی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی تایبەت بە بەدرخانییەکانی دەکەوێتە دەست، ئەم بەرهەمە بەوردی و قوولی دەخوێنێتەوە، بیروباوەڕەکانی خانی لەبواری وڵات پەروەریدا کە بەڕوونی لەو بەرهەمەدا ڕەنگی داوەتەوە کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر حاجی قادرەوە هەبووە.

---

[52] - لیژنە،زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی نۆهەمی بنەڕەتی:١٩٤-١٩٥.

### ٤.١- کاریگەری بنەماڵەی بەدرخانییەکان:

بنەچـــەی ئـــەم بنەماڵەیـــە دەگەڕێتـــەوە بـــۆ ڕەچەڵـــەکی ئازیزان(عـەزیزان) نـاو و ناوبانگیشـیان بـە میرایـەتی جزیـرا بۆتان، کە ناوەندەکەی لە شاری جزیرە بووە، گرێ دراوەتەوە. دامەزرێنـەری ئـەم میرایەتییـە میـر سـلێمانە، دوا میـری ئـەم میرایەتییـە بـەدرخان پاشـایە کـە لـە پێنـاوی دامەزرانـدنی کوردسـتانێکی سـەربەخۆ ڕاپـەڕینێکی لـە دژی عوسـمانییەکان بەرپا کردووە.

سەبارەت مێژووی دامەزراندنی ئەم میرایەتییە بیروڕای جیاواز لە ئارادا هەن شەرەفخانی بەدلیسی دەڵێ دامەزرێنەری ئـەم میرایەتییـە میـر سـلێمانە[٥٣] بـەڵام چ مێژوویـەکی دیـاری نەکردووە. بە بڕاوی محەمەد ئەمین زەکی بەگەوە، میرایـەتی جزیـرا بۆتـان لـە سـاڵی (١٢٧٤/٦٤٥)داو لەکاتێکـدا کـەوا ئەیوبییـەکان فـەرمانڕەوایی زەنگییـەکانیان لـەناو بـردووە دامەزراوە، بەلای ئەنوەر مایی دوابەداوی مردنی عیمادەدین زەنگی شـەڕ و پێکدادان لـەنێوان هـەردوو کوڕەکەی نورەدین مـەحموود و سـەیفەدیندا لەسـەر دەسـەڵاتداریەتی ڕووی داوە. ئەم جەنگە حوکمڕانی زەنگییەکانی لاوازکردووە، عەبدولعـەزیز بـەگ سـوودی لـەم هەلـە وەرگرتـووە و میرایـەتی جـەزیرەی بۆتـانی دامەزرانـدووە. خـەڵکانێکی واش هـەن کـە دەڵـێن ئـەم میرایەتییـە لـە سـاڵی (١١٥١/٥٥٦) دا دامـەزراوە[٥٤] بـە گـوێرەی

[٥٣] - بەدلیسی، شەرەفنامە:١٠١.

[٥٤] - هروری، إمارة بوتان:١٧-١٨.

شەڕەفخانی بەدلیسی لە میر سلێمانەوە تاوەکو میر شەرەف و ڕۆژگاری ئەو، زنجیرەی میرانی جزیرا بۆتان بەم شێوەیەیە[55]:

میر سلێمان ⇐ کوڕی خالید
میر عەبدوعەزیز ⇐ کوڕی میر سلێمان
میر سەیفەدین ⇐ کوڕی میر عەبدولعەزیز
میر مەجدودین ⇐کوڕی عەبدولعەزیز
میر عیسا ⇐کوڕی میر مەجدودین
میر بەدرەدین ⇐ کوڕی میر عیسا
میر عەبدال ⇐کوڕی میر بەدرەدین
میر ئیبراهیم ⇐کوڕی میر عەبدال
میر شەرەف ⇐کوڕی میر ئیبراهیم
میر بەدر ⇐ کوڕی میر ئیبراهیم
میر کاک محەمەد ⇐ کوڕی میر ئیبراهیم
میر شەرەف ⇐ کوڕی میر بەدر
شاعەلی بەگ ⇐کوڕی میر بەدر
میر بەدر ⇐ کوڕی میر شا عەلی بەگ
میر محەمەد ⇐ کوڕی میر بەدر
سوڵتان محەمەد ⇐ کوڕی میر محەمەد
ناسر بەگ ⇐ کوڕی شا عەلی بەگ
میر عەزیز ⇐ کوڕی کاک محەمەد
میر محەمەد ⇐ کوڕی عەبداڵ خان
میر شەرەف ⇐ کوڕی عەدال خان

---

[55] – بەدلیسی، شەرەفنامە:١٠١–١١٩.

**لەو میرانە تا دەگاتە بەدرخان پاشا سەرجەلەکە بەو جۆرەیە :**

میر عەزیز ⇐ کوڕی کاک محەمەد
عەبدال خان ⇐ کوڕی میر ناسر
شەرەفخان I ⇐کوڕی عەبدال خان
محەمەد خان ⇐ کوڕی شەرەفخانی I
شەرەفخان II ⇐ کوڕی محەمەد خان
مەنسوور خان ⇐ کوڕی شەرەفخانی II
ئیسماعیل خان ⇐ کوڕی مەنسوورخان
عەبدال خان ⇐ کوڕی ئیسماعیل خان
بەدرخان پاشا ⇐ کوڕی عەبدال خان[٥٦]

ئەو لایەنەی بنەماڵەی بەدرخانییەکان کە پەیوەندی بە باسەکەی ئێمەوە هەیە بەدرخان پاشایە، کەوا بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ ڕاپەریوە و کوڕانی بەدرخان پاشاش کەلەسەر ڕێبازی باوکیان ڕۆیشتوون کاریگەرییان لەسەر حاجی قادر هەبووە.

**بەدرخان پاشا و عیزەددین شێر:** بەدرخان پاشا (١٨٠٢-١٨٦٨) لەساڵی (١٨١٢)دا بۆتە میری جزیرا بۆتان، بەمەبەستی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ لەگەڵ چەند میرێکی دیکە یەکێتییەکیان پێکهێناوە، چەکیان ئامادەکردووە و لە ڕەواندزەوە تاوەکو موسڵ و سنە، واتە هەرێمێکی بەرفراونیان خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیان. عوسمانییەکان کاتێک لەمەبەستی

---

[٥٦] - بۆ ئەم زنجیرەیە، بگەڕێوە بۆ، هروری، امارة بوتان:٤٨

بـەدرخان پاشـا ئاگـادار بوونەتـەوە، بـە سـوپایەکی مـەزن پەلاماریان داوە، فەرماندەی لەشکری بەدرخان پاشا عیزەددین شێری ئامۆزای بووە، لەو شـەڕ و پێکدادانـەی کە لەسـەرەتادا ڕوویانـداوە هێـزی عوسـمانییەکان تێکشـکاون، دەسـەڵاتدارانی عوسـمانی بـەنهێنی لەگـەڵ عیـزەددین شـێر دا دیـدارێک ڕێکدەخەن و بەڵێنی پێدەدەن کە ئەگەر بێت و ببێتە لایەنگیری ئەوان ئەوا لە شوێنی بەدرخان پاشادا دەیکەن بەمیری جزیرا بۆتان، بەداخەوە عیزەددین شێر باوەڕیان پێدەکات و بە خۆی و ژمارەیەکی زۆر لە لەشکرەکەی لە بەدرخان پاشا دادەبڕێت و دەداتـە پـاڵ عوسـمانییەکان و لـە دژی بـەدرخان پاشـا دەوەسـتێتەوە، ئەمـە دەبێتـە هۆکـاری لاوازبـوونی هێزەکـەی بەدرخان پاشا و ناچار دەمێنێت کەوا خۆی لە قەڵای ئەڕواخدا قایم بکات، عوسمانییەکان بۆ ماوەی (٦) مانگ ئابلوقەی قەڵاکە دەدەن و تۆپبارانی دەکەن، لە ئەنجامدا بەدرخان پاشا لە ساڵی (١٨٤٨) بـە ناچـاری خـۆی دەدات بەدەسـتەوە. لـە دوای ئـەوە عیزەددین شێر دەبینێ کەوا عوسمانییەکان بەڵێنەکەی خۆیـان جێبەجێ ناکەن و میرایەتی جزیرا بۆتاني پێنادەن لـە خەیانـەتی خۆی پەشـیمان دەبێتـەوە، ئـەم جـارە خـۆی لـەنێوان سـاڵانی (١٨٥٨-١٨٦٤) ڕێبەرایـەتی ڕاپـەڕینێک دەکـات، بـەڵام تیـادا سەرناکەوێت[٥٧].

دوای ئەوەی بەدرخان پاشا خۆی ڕادەست دەکات، لەگەڵ بنەماڵە و براکانییەوە ڕایاندەگوێزن بۆ ئەستەمبۆڵ، ڕاگوازینی بنەماڵـەی بـەدرخان پاشـا بـۆ ئەسـتەمبۆڵ لەسـەر پێشـنیازی باڵوێزی ئینگلیزی لـە ئەسـتەمبۆڵ (A.H. لایـارد) بووە، سـوڵتان

---

[٥٧] - فندی، الفکر:١١٥-١١٦.

عەبدولمەجید لە ژێر فشاری ئەو، بنەماڵەی بەدرخان بانگهێشتی ئەستەمبۆڵ دەکات بەو جۆرەی کە دەگوترێت: بەو هۆیەی کەوا بەدرخان پاشا لە ناوچەکانی ئەنادۆڵدا بۆتە مایەی ئاژاوەگێڕی باڵوێزی پایەبەرزی ئینگلیز(A.H لایارد) پێشنیازی کردووە کە سوڵتان عەبدولمەجید ئەو بانگهێشتی ئەستەمبۆڵ بکات، بەدرخان پاشا بە دڵنیایی باوەڕی بەو بانگهێشتە کردووە و چۆتە ئەستەمبۆڵ ، بەڵام ئیتر ئەم چوونە بۆتە ڕۆیشتنێکی بێ گەڕانەوە، ئەمە لەکاتێکدا کەوا بەدرخان پاشا فەرماندەی (٣٠٠) هەزار سوار بووە، ئەو هێزەی کەوا لە ژمارەیەک لە هۆزە کوردەکان پێکهاتبوو بە چەکو تفاقی تازەش چەکدار کرابوو[٥٨].

کاتێک بینرا کەوا کوردە دوورخراوەکانی ئەستەمبۆڵ لەو شارەدا هێزێک پێکدەهێنن، دەوڵەت کەوتە دوور خستنەوەیان بۆ ناوچە دوورەکانی ئیمپراتۆریای وەکو کریت و مەککە و لەو چوارچێوەیەدا بەردخان پاشاش دوورخرایەوە بۆ کریت. دوای ئەوەی بۆ ماوەی (١٠) ساڵ لە کریت مایەوە لەلایەن سوڵتان عەبدولعەزیزەوە لێخۆشبوونی بۆ دەرچوو و گەڕایەوە بۆ ئەستەمبۆڵ، بەدرخان پاشا بۆ جاری دووەم چۆتەوە کریت و دوای ئەوەی (٨) ساڵی دیکەش لەوێ دەمێنێتەوە، دووبارە دەگەڕێتەوە ئەستەمبۆڵ و (٧) ساڵ لەوێ بەسەر دەبات، بەڵام بەو هۆیەی کەش و هەوای ئەستەمبۆڵی لێ نەکەوتووە، لەسەر پێشنیازی پزیشکەکان دەچێتە شام و لەوێ کۆچی دوایی دەکات[٥٩].

---

[٥٨] – وودس، تورکیا ئاینلەری:٣١٤

[٥٩] – ئەلاکۆم،ئاسکی ئیستامبول کورتلەری:٤٣–٤٤.

**عوسمان پاشا، حوسێن کەنعان پاشا، ئەمین عالی بەدرخان و میدحەت بەدرخان:**

لەساڵی(١٨٧٩)دا کوڕانی بەدرخان پاشا، عوسمان پاشا، حوسێن کەنعان پاشا کە بۆ ئەستەمبۆڵ دوورخرابوونەوە، دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان و بەمەبەستی خۆسازدان بۆ ڕاپەڕینێکی تازە هێز ئامادە دەکەن، لەگەڵ ئەوەی لەهەندێ شوێن سەرکەوتنیان بە دەستهێناوە، بەڵام لەکۆتاییدا بەفەرمانی سوڵتان عەبدولحەمید دەست بەسەر دەکرێن و دەخرێنە زیندانەوە، لەدوایە ئازاد دەکرێن، بەڵام ناچار دەکرێن کە لە ئەستەمبۆڵ نیشتەجێ ببن، لەساڵی (١٨٨٩)دا ئەمین عالی بەدرخات و مەدحەت بەدرخان لە ئەستەمبۆڵەوە بەرەو کوردستان دەچنەوە و بەمەبەستی ڕاپەڕینێکی تازە نامە بۆ سەرۆک هۆزەکان دەنێرن و داوایان لێدەکەن کەوا بەچەک و بەجەنگاوەر هاوکاریان بکەن، بەڵام لەو شەڕ و پێکدادانەی کەوا ڕوویانداوە سوپای عوسمانی سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت و هەردوو سەرۆک ناچار دەبن خۆیان بدەن بەدەستەوە.

**میقداد مەدحەت بەدرخان و عەبدولرەحمان بەدرخان:**

ئەم هەردوو کوڕەی بەدرخان پاشا لە ساڵی (١٨٩٨) دا ڕۆژنامەی (کوردستان)یان دەرکردووە، شەش ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەکە لەلایەن میقداد بەدرخان و ژمارەکانی (٦ تا ٣٠) لەلایەن عەبدولرەحمان بەدرخانی برایەوە دەرکراوە، لە ژمارە سێیەمی ئەو ڕۆژنامەیەدا هەواڵی کۆچی دوایی حاجی و ئەو پارچە شیعرەی کە لەسەر پشتی کتێبەکەی مەم و وزینی

تایبـــەت بـــە بنەماڵـــەی بەدرخانییـــەکان نووســـیوەتەوە، بڵاوکراوەتەوە.

کاتێک ئێمە بڕێک لەشیعرەکانی حاجی و چەند وتـارێکی ڕۆژنامەکـە بـەراورد دەکـەین دەبینـین لـە هەنـدێ مەسـەلەدا بیروبۆچـوونی هـەردوو براکە لەگـەڵ بۆچـوونی حاجیدا وەکو یەکن. بۆنموونە لە مەسەلەی هێز و کاریگـەری هونـەر، حـاجی قـادر لـە پارچـە شـیعرێکی خۆیـدا لـەبارەی ئـەو جەنگـەی کـە لـەنێوان چـین و ژاپۆنـدا ڕوویـداوە بـەو شـێوەیە سـەرنجیان دەخاتە سەر:

**بەقسســەی مــوخبیر و موئــەریخی کــۆن**
**میللـــەتی چـــینە چارســـەد ملیـــۆن**

**ســەر بەســەر دەوڵــەتی هــەموو ژاپــۆن**
**زۆر بــە زەحمــەت دەگاتــە چــل ملیــۆن**

**ئـەهلی ژاپـۆن بـە فـەنن و سـەنعەتی چاك**
**سەیری چۆن چینی گرت و کردییە خاك**

سەبارەت بەهەمان مەسەلە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا ئەم وتارە هاتووە:

بەر لەدوو سێ ساڵان جەنگ لـە نێوانی دەوڵـەتی چین و ژاپۆن ڕووی دا، هێزی سەربازی چین بـەدەیان جار لە هێزی سـەربازی ژاپـۆن زیـاتر بـوو، لـەو جەنگـە دا سـوپای ژاپـۆن بەسەر سوپای چیندا زاڵ بوو، جا وەرن هۆکاری ئـەو حاڵەتـە بپرســـن خـــەڵکی چـــین جـــاهیلن، شـــتێکی ئـــەوتۆ نـــازانن ســـەربازەکانیان نـازانن مامەڵـە لەگـەڵ تـۆپ وتفـەنگی ئـەو

زەمانەدا بکەن، سوپای ژاپۆن تۆپ و تفەنگی خۆیان بەخۆیان دروست دەکەن، لەگەڵ هەموو لایەک بازرگانی و کاسبکاریان هەیە و دەوڵەمەندن، لەسایەی دەوڵەمەندی خۆیان بەخێرایی بەشێکی کەم لە چەک و چۆلەیان کڕیوە و جەنگەکەیان بە خێرایی بردۆتە پێش و بەسەر دوژمنەکەیاندا زاڵ بوون. ئێستا لەماڵی خۆیاندا بەراحەتی لێی دانیشتوون کەس ناتوانێت زەفەریان پێ ببات[٦٠].

عەلائەدین سەجادی لە بەرهەمە ناودارەکەیدا (مێژووی ئەدەبی کوردی) لە بارەی ئاشنایەتی حاجی قادر لەگەڵ بنەماڵەی بەدرخانییەکان لە ئەستەمبۆڵ و چۆنیەتی کاریگەریان لە سەر حاجی دەڵێ: حاجی قادر وکەیفی شاعیری هاوڕێی پێکەوە ڕوویان کردۆتە ئەستەمبۆڵ و لەوێ تێکەڵ بە بەدرخانییەکان دەبن، ئەوان کەیفی دەنێرنە کۆلیجی ماف و حاجی قادریش دەکەن بە مامۆستای ڕۆڵەکانیان. حاجی کە تاوەکو مردنی وەکو دۆستێکی ڕاستەقینەی ئەو بنەماڵەیە ماوەتەوە ، دەبینی کەوا ئەستەمبۆڵ جیهانێکی جیاوازە میللەتانی جۆراوجۆر لەبوارە جیاوازەکانی هونەر و زانستدا پێشکەوتوون کەچی کورد بە پاشکەوتوویی ماوەتەوە، لەبەر ئەو هۆیە لەو شارە بێگانەیەدا لە شیعرەکانی خۆیدا هەنگاوی بەرە و مەیدانی نیشتمانپەروەری هاویشتووە[٦١]

عەبدوڕەحمان سەعید کە یەکەمین کەسە بەشێک لە شیعرەکانی حاجی لە شێوەی دیوانچەیەک بە ناوی (کۆمەڵە

[٦٠] – فۆاد، کوردستان، ژمارە/١.
[٦١] - سەجادی، مێژوو:٣٤٢-٣٥٩.

شـيعری حـاجی قـادری كـۆیی) لـە سـاڵی ١٩٢٥ لـە بەغـدا بڵاوكردۆتـەوە، نووسـەر لـە دەسـتپێكی ئـەم بەرهەمـەدا دەڵێ: حـاجی قـادر لـە ئەسـتەمبۆڵ لـە تـەک بـەدرخان پاشـا و ڕۆڵەكانیـدا دەمێنێتـەوە و دەبێت بـە مامۆسـتایان، بـەژیری و لێوەشـاوەیی خۆیـەوە لەلایـەن خەڵكـەوە دەناسـرێت و لەسـەر پێشنیازی هەندێ لە هاوڕێكانی بەشداری لەهەندێک لە كۆمەڵە كوردییەكاندا كردووە[٦٢].

محەمەدی مەلا كەریم یەكێكە لەو لێكۆڵەرەوانـەی لە مێژە لەسـەر شیعری كوردی كلاسیكی كاردەكات ئـەم نووسـەرە لەو بەرهەمەیدا كە لە بەغدا لە ساڵی ١٩٦٠ دا بەناوی (حاجی قادری كۆیی) بڵاوكردۆتـەوە دەڵێ: بنەماڵـەی بەدرخانـەكان لـە پێنـاوی مـافی گـەلی كـورد لـە خـەبات و تێكۆشـانێكی مـەزن دابوون.

ئەنجا بەلای ئەو نووسەرەوە بەر لە حاجی قادری كۆیی، كـە ئـەویش ئـەو ڕێبـازەی خـەبات و تێكۆشـانی گرتۆتـە بـەر، كەسێكی دیكە لەمەڕ مەسـەلەی نیشتمانی و كوردایـەتی شیعر و هۆنراوەی نەگوتووە[٦٣].

ڕەشید فندی ڕۆژێكیان لـەو نووسـەرەی پرسـیوە ((بۆچی تۆ لە كتێبەكەی خۆتدا گوتووتە كەوا بەر لە حاجی قادر كـەس لەبارەی مەسـەلەی نەتـەوەیی گـەلی كورد شـیعر و هـۆنراوەی دانـەناوە؟)) نووسـەر لەوەڵامـدا دەڵێ: ((ئەوكاتـە مـن ئاگـاداری شیعرەكانی ئەحمەدی خانی نەبووم))[٦٤] .

---

[٦٢] – سەعید،كۆمەڵە شیعری حاجی قادری كۆیی:٤–٦.
[٦٣] - مەلا عەبدولكەریم، حاجی قادری كۆیی:١٠,٢٠,٢٣.
[٦٤] – فندی، الفكر:١٨٣.

بـەلای مەسـعود محەمـەدەوە بەدیارکـەوتنی هۆشـیاری نەتـــەوەیی لەڕێگـــەی بنەماڵـــەی بەدرخانەکانـــەوە بەهـــەر ئەندازەیەک کە کاریگەری بەسەر کوردانی باکوورەوە هـەبووە ئەو کاریگەرییە لەسەر حاجی قادریش کە کوردێکی باشوور بـوو بـەدیار کـەوتووە، حـاجی لـەو دێـڕە شـیعرانەی کـە لـەخوارەوە دا هـاتووە کاتێـک نازنـاوی (شـێر) بـەکاردەهێنێت مەبەستی ئاماژە کردن بووە بۆ عیزەددین شێر کەسەر بەو بنەماڵەیـە یـە و وەکـو دوا هیـوا و ئـاواتی کوردستانیشـی دەبینێت[٦٥] .

**ئەمیرێك ماوە پاشایە،گوتی: کێیە؟ گوتـم: شــێرە**
**گوتی: لێرە؟ گوتم: لێرە هەتا تاران و کوردســـتان**
**بەخۆی شێرە وەکو ناوی، لەشەڕدا دوژمن ئەنـدازە**
**تەمایان هەر بە ئەو ماوە جەمیعی خاکی کوردستان**

حاجی قادر ئەم بنەماڵەیە وەکو هیوای دوایی کوردستان دەبینێ و ئەگەر هات و لە ڕەوتی تێکۆشاندا دوور بخرێنەوە ئەوا دووژمنانی گەلی کورد وەکو ئاش ئەو میللەتە دەهاڕن، بۆیـە لـەم بارەیـەوە سـەرەنجی کـوردان بـۆ ئـەو مەسـەلەیە ڕادەکێشێت[٦٦]:

**بەدرخانی لەسەر لاچێ لەمەو پاش**
**لەهـــەرلاوە دەتانهاڕن وەکـــو ئاش**

[٦٥] – محەمەد، حاجی قادری کۆیی I: ١٢٥، ٢٤٥، ٣١٥.
[٦٦] – محەمەد، حاجی قادری کۆیی ا:٣١٤.

## ٢.٤. کاریگەری ئەستەمبۆڵ:

لەدوای ئەوەی ئەستەمبۆڵ لە ساڵی (١٤٥٣) دا لەلایەن سوڵتان محەمەد فاتحەوە فەتح کرا، پێکهاتەی دیمۆگرافی ئەو شارەی بەتەواوی گۆڕی، لەسەرەتادا دانیشتوانی شارەکە زۆرینەیان لە خاچپەرستان بوون، لەدوای فەتحەوە دەسەڵاتدارانی دەوڵەت موسوڵمانانیان لەهەر گۆشە و کەنارێکی ئەنادۆڵ بەبەرنامە هێنایە ئەو شارەوە و لەو پێناوەدا چەندین یاسا و فەرمانیان دەرهێنا. بەم جۆرە ئەستەمبۆڵ بووە شارێکی فرە نەتەوە و فرە کلتوور، کە لە پێشەوەیاندا نەتەوەکانی وەکو ڕۆم ، ئەرمەن، جوولەکە، تورک، عەرەب،چەرکەز،ئەرنائووت، ئێرانی و کورد دەهاتن. بەشێک لەو کوردانەی کە لەئەستەمبۆڵدا دەژیان ئەو کوردانە بوون کەوا نەفی کرابوون، بەتایبەتیش ئەو سەرۆکە کوردانەی کەوا بەشداریان لە ڕاپەڕینە گەورەکاندا کردبوو، بەشێکیان بەهۆی گیران و هەندێکیشیان لەو شارەدا ساڵانێک دەخرانە ژێر چاودێرییەوە ، ئەوانەی کەوا دوور دەخرانەوە هەر بەتەنیا کەسانی سیاسەتمەدار نەبوون، بەڵکو هەندێ کەسایەتی ئایینی و خەڵکانی سادەش دووچاری نەفیکردن دەهاتن، لەسەدەی نۆزدەهەمدا کە حاجی قادری تێدا ژیاوە، کۆمەڵێک کەسایەتی کورد بۆ ئەستەمبۆڵ دوور خرابوونەوە، ئەوان لەو شارەدا وەکو دەستبەسەری سیاسی گلدرابوونەوە، لەبەر ئەو هۆیەوە لەو شارە بێگانەیەدا حاجي لە شیعرەکانی خۆیدا هەنگاوی بەرەو مەیدانی نیشتمانپەروەری هەڵهێناوە[٦٧].

---

[٦٧] – سەجادی، مێژوو:٣٤٢–٣٥٩.

بەم شێوەیە دەوڵەت لەهەوڵی ئەوەدا بوو بەر بە بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد بگرێت و لەسەرووی ئەم کەسایەتیانە ئەمانە دێن[٦٨]:

-میر محەمەدی ڕەواندزی

-بەدرخان پاشا

-عوسمان پاشا

-حوسێن کەنعان پاشا

-شێخ عەبدوڵڵای نەهری

-شێخ عەبدولقادری نەهری

سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، لەسەر دەمی خۆیدا لە نێوان (١٨٦٧-١٩٠٩) لەگەڵ هەندێک لە سەرۆکە کوردەکان لە پەیوەندیدا بوو، ئەوانی بانگهێشتی ئەستەمبوڵ دەکرد تا لەنزیکەوە چاودێریان بکات ، لەو بارەیەوە سوڵتان بەمجۆرە وەڵامی ئەو کەسانە دەداتەوە کە لەسەر ئەو مەسەلەیە ڕەخنەیان لێدەگرت: ((ئەمن دەزانم لە سەر ئەوەی کەهەندێک لە ڕۆڵە ئاغاکانی کوردانم هێناوەتە ئەستەمبوڵ و دام مەزراندوون ڕەخنەم لێ دەگیرێت، بەڵام ساڵانێکە خاچپەرستانی ئەرمەن پلەی نازرییان بەدەستەوەیە، ئاخۆ چ زیانێکی هەیە بۆ ئێستا و بۆ داهاتووش ئەگەر ئەو کوردانە کە لەسەر ئایینی ئێمەنە، لەخۆمان نزیک بکەینەوە))[٦٩].

سوڵتان عەبدولحەمید لەلایێکەوە دەیگوت ئەمن لایەنگیری کوردانم، لەلاییکی دیکەشەوە لە ڕووی داخوازییە

---

[٦٨] – ئاسکی ئیستانبۆل کورتلەری:٤٢،٤١،١٩.

[٦٩] – عەبدولحەمید، سیاسی هاتیراتم:٧٥.

نەتەوەییەکانی کوردان دەوەستایەوە و دژایەتی ڕووناکبیرانی کوردی دەکرد و ڕێگەی نەدەدا دەنگیان دەربکەوێت ، ئەم پاراگرافەی خوارەوە سەبارەت بە هەڵوێستی تاکتیکی سوڵتان عەبدولحەمید لە بەرامبەری نەیارەکانی سەرنجڕاکێشە: سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بۆئەوەی بتوانێت کۆمەڵگای ئیمپراتۆریا بە خۆیەوە ببەستێتەوە، جۆرە سیاسەتێکی تایبەتی خۆی هەبوو پێڕەوی لێدەکرد، ئەو کەسایەتیانەی کە لە ناوچەکانی ئەرنائوت و کوردستان و عەرەبستاندا لە ناو گەلانی خۆیاندا کاریگەربوون بەهەر ڕێگەیەک بوایە دەیهێنانە ئەستەمبۆڵ، پارەی پێدەبەخشین و ئەوانی لەناو چوارچێوەی دەوڵەتدا وەزیفەدار دەکرد، بێ ئەوەی ڕێگە بدات لەبەرچاوی دووربکەونەوە. ئەنجا خۆی لە خۆیدا ئەستەمبۆڵی ئەو کاتەش شارێکی ئەتۆ بوو کە مرۆڤ نەتوانێت دەست بەرداری بێت، ئەو خەڵکە کاتێک دەهاتنە شارەکە و چاویان بە کۆشک و سەراکانی ئەو ناوەندە دەکەوت ئیتر مەیل و ئارەزووی گەڕانەوەیان بۆ وڵاتی خۆیان لەدەست دەدا[٧٠].

وەک ئەوەی محەمەدی مەلا کەریم ڕوونی کردۆتەوە لەو کاتەدا کەوا حاجی قادر دەچێتە ئەستەمبوڵ ئەو شارە ببوو بە مەڵبەندێک بۆ هێزە نەتەوەیی و ئازادیخوازەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی، وەکو کورد و عەرەب و ئەرمەن. هەروەها هەر ئەو سەردەمەش بوو کەوا میرایەتییەکانی باشوور وەکو بابان، سۆران و بادینان و هەندێک لە میرایەتییەکانی باکووریش بەناوەندی دەوڵەتی عوسمانییەوە گرێ درابوون[٧١].

٧٠ – ئولونەی، ئاسکی ئیستانبۆل کابادایلەری:٢٠٢.

٧١ – مەلاعەبدولکەریم، حاجی قادری کۆیی:٢٣,٢٠,١٠.

مەسعوود محەمەد یەکێکە لەو نووسەرانەی کە لەنزیکەوە حاجی قادری ناسیوە بەو هۆیەی ئەو سەر بەبنەماڵەی مەلا عەبدوڵلای جەلیزادەیە کە هاوڕێی ڕۆژگاری فەقێیەتی حاجی قادر بووە، لەم بارەوە دەڵێ: تا ئەو کاتەی حاجی قادر لە کۆیێ بوو، واتا هێشتا نەچوو بوو بۆ ئەستەمبۆڵ هیچ برە شیعرێکی لە بارەی نیشتمانپەروەری و کوردایەتییەوە دانەناوە. هەندێک لەلاوانی کۆیی لە منیان خواستووە کە لەنووسینەکانمدا بڵێم حاجی بەر لەوەی بچێتە ئەستەمبۆڵیش شیعری نەتەوەیی هەبووە، بەڵام من ملم بۆ ئەو داخوازیە نەداوە.[٧٢]

### ٣.٤- کاریگەری ئەحمەدی خانی و (مەم و زین):

خانی لە ساڵی (١٠٦١/١٦٥٠) لە بایەزید هاتۆتە دنیا، ناوی باوکی مەلا ئەلیاس و ناوی دایکی گوڵنیگار بووە، دوای ئەوەی باوکی کۆچی دوایی دەکات، لای برا گەورەکەی مەلا قاسم دەچێتە بەر خوێندنی مەدرەسەی ئایینی، بۆ درێژەدان بە خوێندن لە بایەزیدەوە دەچێتە (مورادیە) و لەوێ لە مەدرەسەی (گولگون) دەخوێنێ، ناوی لە لیستی ساڵی (١٠٧٢/١٦٦١) ی فەقێکانی ئەو مەردەسەیە تۆمار کراوە.

بە گوێرەی عەلائەدین سەجادی، خانی لە ئەخلات، ڕوحا و بەدلیسیش خوێندوویەتی. دوای ئەوەی ماوەیێک لە جزیرە ماوەتەوە بەرەوە خوارەوە ڕۆیشتووە و سەردانی میرایەتییەکانی بادینان و سەرحەدانی کردووە، هەربەمەبەستی

[٧٢] - محەمەد،حاجی قادری کۆیی II:١٧,١٠٠.

خوێندن سەری لە میسر و بەغدا هەڵێناوە، بەنیازی جێبەجێکردنی فەریزەی حەج سەفەری حیجازی کردووە، خانی ئیجازەنامەی لە مەدرەسەی عەتائیە لەسەر دەستی مامۆستاییێک بەناوی مەلا جامی وەرگرتووە. دوابەدوای تەواوکردنی خوێندنەکەی گەڕاوەتەوە بایەزید لەوێ مەدرەسەیەکی ئاواکردۆتەوە و تاوەکو کۆچی دوایی لەو مەدرەسەیە وەکو مامۆستا گەلێک فەقێی پێگەیاندووە. وەکو چۆن مەلا ئەلیاسی باوکی و مەلا قاسمی کاکی لەبایەزید وەکو کاتبی دیوان وەزیفەدار بوون، بەهەمان شێوە خانیش هەر لەتەمەنی چواردە ساڵییەوە لە دیوانی میری ئەو سەردەمە میر محەمەدی پور بەلال، وەکو نووسەری ڕەسمی دەست بەکار بووە، خانی زانایەکی شافیعی نەقشبەندی بووە، ڕێبازە فەلسەفییە سۆفیزمییەکەی (یەکێتی بوون/وحدة الوجود)ە، بەو جۆرەی کە زاندراوە هاوسەرگیری نەکردووە، لەساڵی (١٧٠٧) دا لەبایەزید کۆچی دوایی کردووە، گۆڕەکەی لە بایەزیدی ئێستا لە نزیک سەرای ئیسحاق پاشایەو لەلایەن هەوادارانییەوە زیارەت دەکرێت، وەکو دەزانرێت لەبەرایی ئەو پەرەسەندنانەی کە کاریگەرییان بەسەر خانییەوە هەبووە، ئەو شەڕو تێکهەڵچوونانە دێن کە لە کوردستان لە نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانیدا ڕوویانداوە.

سەدەی حەڤدەم کە خانی تێیدا ژیاوە سەدەیەکی وابوو کە شەڕ و پێکدادانەکان لە نێوان عوسمانی و ئێرانییەکان بەگەرمی لەئارادابوون، هەردوو دەوڵەت لەهێرش و پەلامارەکانیان لەدژی یەکتر هەرێمەکانی کوردان و

میرایەتییەکانی ئەوانیان وەکو پردێک بەکاردەهێنا. وەکو دیارە لەو شەڕ و هێرشانەدا بەشێوەیەکی سروشتی زەرەرمەندی سەرەکی کوردەکان بوون، لەو بارەیەوە خانی لە (مەم و زین)ەکەیدا ناڕازیبوونی خۆی بەم شێوەیە نیشان دەدات:

**ئەڤ ڕۆم و عەجەم ب وان حەسارن**
**کورمانج هەمـــی ل چـار کنــارن**

ئەوان ڕۆم و عەجەمان کوردیان ئابلۆقـــــەداوە
کورد هەموو بە چوار لادا پرش وبڵاو بوونەتەوە

**هەردوو تەرەفان قەبیلی کورمــانج**
**بۆ تیری قــەدا کـــرنە ئامانـــــج**

هەردوولایەن هـــۆزە کـــوردەکانیان
کردۆتە ئامانجی تیری تەفروتووناکردن

**ئەڤ  قولزەمێ ڕۆم و بەحرێ تاجیک**
**هنگی کو بکن خرووج و تەحـــریک**

ئەم ئۆقیانووسەی ڕۆمـــــان و دەریای فارســــەکان
ئەوەندەی لە دژی یەکتری لە جوولانەوە و هێرشدان

**کورمانج دبن ب خوون موولەتتــەخ**
**وان ژ یەك ڤەدکن میســالێ بـەرزەخ**

کوردان لە ناو خوێندا دەگــــــەوزن
بوونەتە بەرزەخ و ئەوان لێکدادەبڕن

یەکەمین کەس کە سەرنجی لێکۆڵەرانی بواری نەتەوەیی کورد بۆلای خۆی ڕادەکێشێت (ئەحمەدی خانی)یە، یەکەمین بەرهەمیش(مەم و زین)ە، مارتن ڤان برونسەن لەو بەرهەمەی

خۆیدا کە بەناوی (ئاغا شێخ دەوڵەت)ە، لە ژێر ناونیشانی (میژووی هۆشیاری نەتەوەی کورد)دا دەڵێت: هێزی نەتەوە پەروەری کورد لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە دیاردەیەکی نوێیە، بەڵام ئەوە بەو مەعنایە نایەت کە کورد لە ڕابردوودا خاوەنی هۆشیارییەکی نەتەوەیی نەبووە، ئەوەتا شاعیری کورد ئەحمەدی خانی کەلەسەدەی هەڤدەهەمدا ژیاوەلە سەرەتای داستانە شیعرییەکەیدا (مەم و زین)، گلەیی و گازاندە لە دابەشبوونی کوردان دەکات کەبۆتە مایەی ئەوەی کەوا لەژێر فەرمانڕەوایی هەردوو ئیمپڕاتۆریای عوسمانی و سەفەویدا بژین، ئەم بەرهەمەی خانی هەمیشە لە کوردستان لە کۆن و ئێستادا دەخوێندرێتەوە، دەستنووسەکانی ئەم کتێبە لەلایەن مەلاکانەوە پارێزراوە و نوسخەی لەبەر گیراوەتەوە، فەقێکانیش چۆن سورەتەکانی قورئان و شیعری حافز و سەعدیان لەبەر دەکرد بەیتەکانی ئەو بەرهەمەی خانیشیان بەو شێوەیە لەبەر بوو، مەم و زین لەلایەن هەموو گەلی کوردەوە وەکو داستانێکی نەتەوەیی ناسراوە[٧٣].

بازیل نکیتینیش بەم شێوەیە جەخت لەسەر خانی و مەم و زین دەکاتەوە: (لەم بوارەدا ئەوەندە بەسە کەناوی شاعیری کورد ئەحمەدی خانی کە لەساڵی (١٠٦٠) دا هاتۆتە دنیا بهێنین، ئەم شاعیرە لەو شا بەرهەمەی خۆیدا (مەم و زین)، لەدیمەنێکدا کە کوردستانی تیادا سەمبۆلیزە دەکا و دەیڵێتەوە، لە پێناوی ڕزگاری ئەم وڵاتەدا لەناخەوە ڕێگاو ڕێبازەکانی خەبات دەست نیشان دەکات، هات و لەم سەدەی یازدەهەمەدا

٧٣ -برونسەن،ئاغا،شێخ، دەوڵەت:٣٩٠-٣٩١.

خانییەک لە ژیاندا هەبووایە، ئەوا مێژووی کورد دەکەوتە ناو قۆناغێکی نوێوە ).[٧٤]

وەدیع جویدە لەناو شاعیرانی کوردی کلاسیکدا ئاماژە بەناوی دوانیان دەکات کە لەبواری نیشتمانپەروەری کورد دا شیعریان گوتبێت، ئەویش ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆییە. نووسەر لەو بارەدا دەڵێت: ئەحمەدی خانی لەسەدەی حەڤدەهەم و حاجی قادری کۆیی لە سەدەی نۆزدەهەم وەکو دوو شاعیری مەزنی کوردی دەژمێردرێن، خانی کە لەبایەزید هاتۆتە دنیا و هەرلەوێش مردووە خاوەنی مەم و زینە، فیردەوسی بۆ ئێرانییەکان چ بایەخێکی هەیە خانیش بۆ کورد هەمان بایەخی هەیە.[٧٥].

سادق بەهائەدین ئامێدی لەو بەرهەمەیدا بەناونیشانی (هۆزانڤانێت کورد) کەلەساڵی (١٩٨٠)دا لە بەغدا چاپیکردووە بەم جۆرە دەنووسێت: یەکێک لەو شاعیر و ڕووناکبیرە کوردانەی کە لەسەر ڕێبازی ئەحمەدی خانی ڕۆیشتووە هەم ناوی خانی و هەم ناوی داستانە نەتەوەییەکەي (مەم و زین)ی لە شیعرەکانیدا بیر هێناوەتەوە، حاجی قادری کۆییە. بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی کە تا ئێرە هێناومانەتەوە تێدەگەین کە حاجی قادری کۆیی لە ئەستەمبۆڵ ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساوە کە ئەو دانەیەی مەم و زین کە لەلای بەدرخانییەکان بوو ببینێت و بیخوێنێتەوە، لەم ڕووەوە هەم بەخانی و هەم بە بەرهەمەکەی کاریگەر بووە، وەک چۆن لە پێشەوەدا گوتمان

---

[٧٤] – نکیتین،کورتلەر، سۆسیۆلۆك ڤە تاریخی ئینجەلەمە:٣٠٨–٣٠٩).

[٧٥] – جویدە، کورت میللییەتچیلگانن تاریخی، کۆکنەلەری ڤە گەلشمی:٤٧.

لەسەر بەرگی دواوەی نوسخەی مەم و زینی ماڵە بەدرخانییەکان شیعرێکی نووسیوە تیایدا پەسنی خانی و مەم و زین دەکات، ئەم دوو دێڕەی خوارەوە لەو شیعرەدا هاتووە:

**ئەمان قەدری بزانن ئەم کتێبە**
**لە دنیا ئێستەکی هەمتای نەماوە**

**لەکوردان غەیری حاجی و شێخی خانی**
**ئەساسی نەزمی کوردی دانەناو**

هەروەها لەم دوو دێڕەی لە خوارەوەدا پێشکەشی دەکەین بەدیار دەکەوێت کە حاجی وەک چۆن مەم و زینی خانی بینیوە بەو شێوەیە دیوانی (مەلاي جزيری)شی بینیوە و خوێندۆتەوە، ئاگاداری لەو بارەیەوەش هەبووە کە ئەم بەرهەمە وەرگێردراوەتە سەر زمانە ئەوروپاییەکان:

**مەم و زین و دیوانی شێخی جزیر**
**گەلیٚ چاکن بەسەهلی بێننەگیر**

**ئەم دووانە ئەمێستا تەرجەمەیان**
**زۆرە هەتا لە نێو فەرەنگستان**

وەکو دەزانین ئەحمەدی خانی بەتایبەتیش لە (دەستپێک)ی مەم و زیندا بایەخێکی گرینگی بە زمان و ناسنامەی کوردی داوە، بۆیە ئەم دەستپێکە سەرنجی حاجی ڕاکێشاوە و لەم بارەوە گووتوویەتی:

**تەنها ئێمە وە هانین**
**دیباجەیی مەم و زین**

وەکو لـەم نموونانـەی خوراەوەشـدا دەبینـدرێت کاتێـک حاجی قادر لە شیعرەکانیدا باسی ئەحمەدی خانی دەکات زۆر جار ناوی ئەو و مـەم و زینیش دەبات جاری وایە ئاماژە بۆ جزیرا بۆتانیش دەکات:

**ئەحمەدی خانی ساحیبی مـــەم و زین**
**شـــەهبـــازی فـــەزایـــی عیللییـــین**

***

**جیهان بوویتە جەزیرەی بەحری گریەم**
**بەبێ بوهتان ئەتـــۆ زین و ئەمن مـــەم**

لێـرەوە دەمانــەویت ســەبارەت بـە هەنـدێک مەســەلەی هاوبەش کەوا ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی لەسـەری وەستاون چەند نموونەیەک بهێنینەوە:

وەک چۆن خـانی لـەم دێڕەی خـوراەوەدا هـەر یـەکێک لـە میرە کوردەکانی لـەلایـەنی بەخشندەییەوە بـە حاتـەمی تـایی و هەر مێرخاسێکی کوردیش لە بوێریدا بە رۆستەم دەچووێنێت ، حـاجی قـادریش لەچەند دێڕیکی پڕواتـادا ڕۆڵـەکانی کـورد لـە ڕووی بەخشـــندەیی و ئازایەتییـــەوە بەهـــەمان کەســـان دەچووێنێت:

خانی:

**هەر میرەکـی وان ب بەزلی حاتـــەم**
**هەر مێرەکی وان ب ڕەزمی ڕۆستەم**

**هەر میرەکی کورد لە بەخشندەییدا حاتەمە**
**هەر پیاوێکیشیان لە وێنەی ڕۆســـــتەمە**

حاجی قادر:

**بەشەجاعەت هەموو وەکو ڕۆستەم**

**بەسەخاوەت هەموو وەکو حاتــەم**

* * *

**لــە جـــوودا حاتەمـــی تایـــی**

**لــە شـــەڕدا ڕۆســـتەمی مەیـدان**

لەسەر مەسەلەی ناڕێکی کوردانیش خانی و حاجی قادر بەناوەڕۆکێکی نزیک لەیەکتر بۆ مەسەلەکە دەچوون:

**لەو پێکڤە هەمیشــە بێتفــاقـن**

**دایم ب تەمــەڕوود و شــیقاقن**

لەبـــەر ئەوەی هەمیشـــە پێکەوە ناڕێکن

دایم لە دژی یەکتری سەرکێش و شەڕەنگێزن

**گەر دێ مە هەبوویا ئیتتیفاقەك**

**ڤێکـرا بکـــرا مە مە ئینقیادەك**

ئەگەر یەکێتیەك لەنێوانماندا هەبووایە

پێکەوە گوێ ڕایەڵی یەکتری بووایــن

**تەکمیل دکر مە دیــن و دەوڵـــەت**

**تەحسیلی دکر مە عیلم و حیکمەت**

دین و دەوڵەتمان بەتەواوی بۆ جێبەجێ دەبوو

حیکمەت و زانســـتمان بە دەســـتدەهێنا.

حاجی قادر:

**وەلێکین فایدەی چی هەرج و مەرجن**

**لە دەعوادا لەگەڵ یەکتر بەمــەرجــن**

**کــــوردی ئێمە نــەزان و پاش کەوتــن**
**پێکەوە پووش و ئاگـــــر و نەوتـــــن**

**بێ ئەگــەر دەســـــتی یەکتری بگـــــرن**
**وەکی سکەندەر جیهان هەموو دەگرن**

**ئیتتیحـــــادی بە ئیتتیفاقی ئەنـــــام**
**ســـــوپەرە بۆ حەوادیســـی ئەییـــام**

خـــانی و حـــاجی لـــەم دێڕانـــەی خوارەوەیانـــدا دەڵـــێن یەکێتییـەک لـەناو کوردانـدا پێک نـەهاتووە و ئـەوان لـە دەوری سـەرکردەیەک کۆنەبوونەتەوە، هەر ئەمانەشـن بوونەتـە هۆکـار بـۆ ئـەوەی کـورد لـەژێر فـەرمانڕەوایی عوسـمانی و ئێرانیانـدا بمێنیتـەوە، یـا بەواتایـەکی تـر هـات و کـورد یەکێتییـەکی پێـک بهێنایە و لەدەوری سەرۆکێکدا کۆببونایەتەوە بەمە ڕەنگە بـەم هەردوو دەوڵەتە گرێدراو نەدەبوون، بەڵای حاجی قادریشـەوە بـەو هۆیـەی کـە ئـەم یەکبوونـە نەهاتۆتـە دی، بۆیـە کـورد لـە وێنەی گای نێوچەوان بەشی ڕەسەن لەنێوان هەردوو دەوڵەتی کـڵاو و ســوور (دەوڵــەتی ئێــران) و کــڵاو ڕەش (دەوڵــەتی عوسمانی) دا بەپەرێشانی ماونەتەوە.

خانی:

**غالب نەدەبــوو ل ســـەر مە ئەڤ ڕۆم**
**نەدەبوونە خەرابەیێ د دەست بووم**

ڕۆمەکان دەســــــتیان بەسەر ئێمەدا نەدەشـــکا
وەکو وێرانە نەدەبووینە ژێر چەپۆکی کوندە بەبۆ

**مەحکووم و عەلەبهی و سەعالیك**
**مەغلوب و موتیعی ترك و تاجیك**

بەم شێوەیە ژێر دەستەو دەستە پاچە نەدەبووین
دۆڕاو و ژێر فەرمانـــی تورك و فارسان نەدەماین

**ئەمما ژ ئەزەل خوەدێ وساكــر**
**ئەڤ ڕۆم و عەجەم ل سەر مە ڕاكر**

بەڵام خودا لە ئەزەلەوە ئەمەی بەسەر ئێمە هێنـــاوە
ئەم ڕۆم و عەجەمەی کردوونەتە کەڵەگا بەسەرمانەوە

حاجی قادر:

**مونقادی عەجەم، موتیعی ڕۆمـــــن**
**مەحکومی خەڕات و حیز و دۆمـــن**

* * *

**ڕەسمێکی قەدیمە دەوری گـەردوون**
**خەسمی نوجەبایە،هەمدەمـی دوون**

* * *

**لە مابەینی کڵاوسوور و كـــڵاوڕەش**
**پەرێشان و دیارن میسلی گای بەش**

لەم دیڕانەی خوارەوەشدا هەردوو شاعیری ئێمـە سـەرنج بـۆ سـەر ئـەم خاڵـە ڕادەکێشـن کـە هـەموو میللـەت بوونەتـە خاوەنی نووسراو و کتێب، بەمـە کوردان بـەبێبـەش بـوون لـە کتێب و پەککەوتەیی لە ڕۆشنبیری گوناهبار دەکەن.

خانی:

**دا خەلق نە بێژتن کو ئەکـــــراد**
**بێ مەعاریفن، بێ ئەسل و بنیاد**

تاوەکو خەڵکانی تر نەڵێن کەوا کورد
هەر لە بنیات و بنچینەدا بێ زانیارین

**ئەنواعی میللەت خوودان کتێبن**
**کورمانج تەنـــێ دبێ حســـێن**

میللەتانی جۆراجۆر خاوەن کتێبن
بەتەنها کورد لە کتێبان بێ بەشن

حاجی قادر:

**هەر کوردە لەبەینی کوللی میللـــەت**
**بێ بەهـــرە لە خـــوێندن و کیتابەت**

* * *

**ساحیبی کوتوب و پەیامە هەرکەس**
**ئێمە نەبێ بوینە قەومی چەرکـــەس**

* * *

**میللەتـــی بێ کتێب و بێ نووســـین**
**غەیری کوردان نییە لـــەڕووی زەمین**

## سەرچاوەکان:


- ئالا کۆم، ڕۆهات، ٢٠١٢، ئاسکی ئیستانبول کورتلەری، ئاڤێستا، ئیستانبول.
- ئالان، رەمەزان،٢٠٠٩، بەندنامە، ئاڤێستا، ئیستانبول.
- ئەبدولحەمید، سولتان،١٩٨٧، سیاسی هاتیراتم، دەرگاە پانیلاری.
- ئەحمەد، کەمال مەزهەر،١٩٨٩، کورتلەر ڤە ئیرمەنی سۆیکرمی، کوردچەدن جەڤیرن: موستەفا دووگونە بەرهەم: کۆڤارا لێکۆلینێن چڤاکی و چاندی، هژمار/٥.
- ئەحمەد، کەمال مەزهەر،١٩٧٥، کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
- ئۆلونای، رەفی جەڤاد،١٩٩٥، ئاسکی ئیستانبول کابادیلەري، ئەربا یاینەڤی.
- باڵەکی، یادگار ڕەسول،٢٠١٦، باندۆرا هەڵبەستێن حاجی قادری کۆیی یێن کو ناڤبەرا ساڵێن ١٨٩٨-١٩٢٥ دە هاتنە وەشاندن ل سەر نووبوونا هەڵبەستا کوردی، جەڤیرن: مەهدی جەعفەر زادە، زارما، سال/٦.
- بەدرخان، جەلادەت عالی،١٩٤١،هاوار، ژمارە/٣٣، ساڵ٩.
- برونیسەن، مارتن ڤان،٢٠٠٣، ئاغا شێخ دەوڵەت، جەڤیرن: بانو بالکوت، ئیستانبول.
- جەعــەفر، مامۆســتا(فازل کــەریم ئەحمــەد) تــاریخ الفکــر الکوردی.٢٠١١، ت: بندر علی مندلاوی، السلیمانیە.
- جویدە، وەدیع، کورت میللیەتچیلەرنن تاریخی-کۆکانلەری ڤە گالشمی،جەڤیرن:ئیسماعیل چەکەم ڤە ئەلپەر دوومان، ئیلتیشم یاینلەری، ئیستانبول.

- حیلمی، رەفیق، ١٩٤١، شعر و ئەدەبیاتی کوردی، بەغدا.
- خەزنەدار، مارف، مێژوی ئەدەبی کوردی،٢٠١٥،دەزگای ئاراس، هەولێر.
- ڕەشوان، حوسێن، ١٩٨٣، گۆڤاری کاروان،ژمارە/٧.
